جمعية آرا
للبحوث والدراسات



کۆمەڵەی ئارا
بۆ توێژینەوەی زانستی

ئامادەکردنی توێژینەوەی زانستی

بەکالۆریۆس - ماستەر - دکتۆرا

د.غازي عناية



و. بەهرە محمد علی

2009

ئەم کتێبە

لە ئامادەکردنی پێگەی

(منتدى إقرأ الثقافي)ە

WWW.IQRA.AHLAMONTADA.COM

بۆ سەردانی پەیجی پێگە:

https://www.facebook.com/iqra.ahlamontada/

بۆ سەردانی پێگەکە:

http://iqra.ahlamontada.com



ئامادەکردنی

توێژینەوەی زانستی

کۆمەڵەی ئارا

بۆ توێژینەوەی زانستی

Arastudy@yahoo.com



ناوی کتێب: ئامادەکردنی توێژینەوەی زانستی

نووسینی: د.غازي عناية

بابەت: توێژینەوەی زانستی

وەرگێڕانی: د.بەهرە محەمەد عەلی

تایپ: بەهار حەسەن سعید

پێداچوونەوە: گوڵنار وەسیم صادق

نەخشەسازی بەرگ: ئومێد محەمەد قەرەداغی

چاپی : سێیەم

تیراژ : ١٠٠٠ دانە

ژمارەی سپاردن:(٩٣٢) ی ساڵی ٢٠٠٥

ئامادەکردنی

توێژینەوەی زانستی

نووسینی

دکتۆر غازی عنایە

وەرگێڕانی لە عەرەبییەوە بەدەستکاری‌یەوە

د.بەهرە محەمەد عەلی

چاپی سێیەم

١٤٢٩ك – ٢٠٠٨ز

بسم الله الرحمن الرحيم

بەناوی خوای بەخشندەی میهرەبان

پێشەکی

توێژینەوەی زانستی رۆڵی باش و کاریگەری هەیە لەباشتر ناسینی دیاردەکان، چ لەبواری زانستی سروشتیدا یان لەبواری زانستی مرۆڤایەتیدا بێت.

تائێستاش وەکو پێش مەرجێك لە دامەزراوە ئەکادیمیە زانستیەکاندا بۆئەوەی سەرچاوەیەك بەسەرچاوەی زانستی لەقەڵەم بدرێت پێویستی بەوە هەیە کەبنەما بنچینەییەکانی توێژینەوەی زانستی تیادا فەراهەم بووبێت، تایبەتریش لەبوارە ئەکادیمیەکانی بەکالوریۆس و ماستەرو دکتۆرادا.

ئەمرۆ کار گەیشتۆتە ئەوەی چەندین رێکخراوو دامەزراوەی حکومی و ناحکومی و نێودەوڵەتی پێکهاتوون بۆ توێژینەوەو لێکۆڵینەوەی بوارە هەمەلایەنەکانی ژیان و بلاوکردنەوەی کتێب و نامیلکەی تایبەت بەنووسینی توێژینەوەی زانستی.

بەلام ئەگەرچاوێك بەکتێبخانەی کوردیدا بخشێنین دەبینین لەم بوارەدا بەئەستەنگ کتێبێك بەرچاو دەکەوێت رێنیشاندەر بێت بەچۆنیەتی نووسین و ئامادەکردنی توێژینەوەی زانستی، هاوکات چەندەها کتێب و بلاوکراوە هەن بە زمانە بیانیەکانی جیهان کە رێنیشاندەرن بۆ توێژەرو قوتابیانی ئاستە جیاجیاکانی زانکۆو خوێندنی بالا لەسەر شێوازو چۆنیەتی ئامادەکردنی توێژینەوەی زانستی .

بۆیە بە پێویستمان زانی لەپێناو خزمەتکردن بە خەرمانی زانستی گەلەکەماندا وەك سەرەتا هەنگاوێك بۆ خزمەتکردن بە بواری لێکۆڵینەوەو توێژینەوە،


زانستی بەهێزو سودمەند هەستین بە وەرگێرانی ئەم کتێبە. بەو هیوایەی کەلێنێکی ئەم بوارە زانستیە پڕبکاتەوە.

پێویستە ئاماژەش بەوە بکەین کە وەرگێڕانی ئەم کتێبە وەرگێڕانی دەقاودەق نیە بەڵکو بەپێی پێویست لێی زیادوکەم کراوە بەو پێودانگەی کە زمان هۆکارێکە بۆ لەیەکترگەیشتن.

ئەم کتێبە لەدوو بەشی سەرەکی پێکهاتووە:

١- توێژینەوەی زانستی (البحث العلمي): کەلەم بەشەدا باسی توێژینەوەی زانستی وجۆرو بنەماو هەنگاوەکانی و چۆنیەتی ڕێکخستن و نووسینی کراوە .


٢- دەستنوسەکان(المخطوطات): لەم بەشەدا پێناسەی دەستنووسەکان و مەرج و هەنگاوەکانی بەدواداچوونی باسکراوە .



بەشی یەکەم

توێژینەوەی زانستی

- البحث العلمي -



پێشەکی

پێناسەی توێژینەوەی زانستی :

ئەم دەستەواژەیە لە دوو وشە پێك دێت : توێژینەوە، زانستی .

توێژینەوە لە ڕووی زمانەوانیەوە ماناکەی بریتی‌یە لـە : داواکـردن، گـەڕان، پشکنین،گەیشتن بەوپەڕی ڕاستیەك لە ڕاستیەکان یان کارێك لە کارەکان .

بەڵام زانستی وشەیەکە دەگەڕێتەوە بۆ زانست، بەمانای زانیاری، پەی پێـبردن و زانینی ڕاستیەکان. کەواتە زانست واتە ئاشنابوون بە ڕاستیەکان و ئەوەشی کە پەیوەندی پێوە هەیە .هەرچەندە زانست بنچینەکەی زانیاری‌یـە لـەگـەڵ ئەوەشـدا زانست فراوانترە .


زانست واتە ئاشنابوون بەڕاستی‌یە هەمەکی و ئاڵۆزەکان لەکاتێکـدا زانیـاری واتە شارەزابوون لەڕاستی‌یە لاوەکی و سادەکاندا .لێرەوە زانست بە کۆمـەڵێك ڕاستی هەمەکی دەوترێت کەیەك ئاڕاسـتە کۆیـان دەکاتـەوە وەك زانسـتەکانی : گەردونزانی، ڕووەك زانی ، شوێنەوارناسی، هتد.

وەلەبەرئەوەی کە بابەتی توێژینەوەی زانسـتی لەبنـەمادا لـەسـەر داواکردنـی زانیاری و بەدواداگەڕانی و پەی پێبردنی بەنـدە ، ئـەوا لەهـەمان کاتـدا هـەموو زانسـتەکان دەگرێتـەوە . وەپشـت بەشـێوازو بەرنامـەی هەمـەجۆر دەبەسـتێت لەبەسەرکردنەوەو گەڕان بە دوای ڕاستی زانیاریەکانداو لێـدوانی لـە ڕاسـتی‌یە زانستی‌یەکان.

توێژەری زانستی لەبەسەرکردنەوەی ڕاستی‌یە زانستی‌یەکاندا دەیەوێت زیـادە دروست بکات ، یان گۆڕانکاری نوێ لە بوارەکانی زانستدا بهێنێتەکایـەوە، بـە پشت بەستن بەم شیکردنەوە کورتە دەکرێت پێناسەی توێژینەوەی زانستی بکەین

ئەوەی کە (بەسەرکردنەوەو پەی پێبردنی ڕێکخراوی ڕاستیە زانستیەکانە. بەرەچاوکردنی شێوازو بەرنامەی زانستی دیاریکراو، بەمەبەستی دڵنیابوون لەڕاستی و دروستیەکەی یان گۆڕینی یان زیادکردنی تازە بۆی).

وەبەسەرکردنەوەی بەرنامەداری ڕاستیە زانستیەکان واتە توێژینەوەو بە دواداچوونی قووڵ و نوقم بوون لە دەریای بیرکردنەوەداو لێدوان لە مانا نزیك و دوورەکان، وە بۆ هەموو لقەکانی زانستە مرۆڤایەتیەکان و زانستەکان بە هەموو جۆرەکانیانەوە، تیۆریەکان وەك : زانستی زمان و زانستی کۆمەڵایەتی و ئەدەب و ئابوری و فەلسەفە.....تاد، وە زانستە کرداریەکان وەك: زیندەوەرزانی ، ماتماتیك، فیزیا، ئەندازیاری، پزیشکی...تاد .



باسی یەکەم

دامەزراوەکانی توێژینەوەی زانستی

دامەزراوەکانی توێژینەوەی زانستی پێکهاتوون لە:

١- دامەزراوەکانی زانکۆ.

٢- دامەزراوە زانستی‌یە حکومیەکان.

٣- دامەزراوە زانستی‌یە ئابوریەکان.

٤- دامەزراوە زانستی‌یە خێرخوازیەکان.


دامەزراوەکانی زانکۆ :

زانکۆکان بە ژینگەیەکی زانستی گونجاو لەقەڵەم دەدرێن بۆ ئامادەکردنی توێژینەوە، چونکە زانکۆ درێژەپێدەری قۆناغە زانستی‌یەکانی پێشووە کە زۆرێك لەتوێژەر و کەسانی بەتواناو خاوەن بەهرەی لێوە دەردەچێت، کەتوانای زانستی و زرنگی و هۆشمەندییان ئامادەو شیاویان دەکات بۆ گەیشتن یان پەیوەندیکردن بە خوێندنی باڵاوە(پسپۆرییەوە) لەزانکۆکانداو دواتر ئامادەکردنی توێژینەوەی زانستی ، بەرەچاوکردنی ئەوەی کە دەرچووانی زانکۆکان گرۆپێکی هەڵبژێردراون لەو زانستخوازانەی کە بەرپرسیاری بوژاندنەوەی ئاستی فکری کۆمەڵگاو پاککردنەوەی خواستی گشتی‌و بەرزکردنەوەی بیری زانستی‌و بەرزڕاگرتنی ئاستەکانی زانست، وە دواتر نوێکردنەوەی زانست و زانیاریەکان بەدۆزینەوەی نوێ و بڵاوکردنەوەی بۆ سودگەیاندن بە هەموان لەئەستۆی لەواندایە.

دەبێ ئەوەش بلێین کە ئامادەکردنی نامەی زانکۆ بەکۆتایی هاتنی هەردوو ئامانجی فێرکردن و توێژینەوەی زانستی تەواو دەبێت .بەشێوەیەک کە نابێت گرنگیدان و ئەرکی زانکۆکان تەنها لەبەر هەمهێنانی خوێندەواری پیشەییدا قەتیس بکرێت ، هەروەك ناشگونجێت کە تەنها ئیشی ئامادەکردنی توێژینەوەی زانستی و بەرهەمهێنانی توێژەرانی زانستی بێت لێرەوە ئەم پێویستی‌یە پتەوکردنی پەیوەندی نێوان زانکۆکان و دامەزراوە تایبەتەکانی توێژینەوەی زانستی دەخوازێت .

دامەزراوەکانی تری وەك:

- دامەزراوە زانستی‌یە حکومیەکان.
- دامەزراوە زانستی‌یە ئابوریەکان.
- دامەزراوە زانستی‌یە خێرخوازیەکان.[1]



1 بۆ ناسی دامەزراوەکانی‌تر خوێنەر دەتوانێت بگەڕێتەوە بۆ سەرچاوە عەرەبی‌یەکە.



باسی دووەم

جۆرەکانی توێژینەوەی زانستی

جۆرەکانی توێژینەوەی زانستی:

توێژینەوە زانستیەکان جۆراوجۆرن بە پێی پێوەرەکانی :مەبەست ، سنور (چێوە) و پسپۆڕی .

پێوەری یەکەم:

مەبەستی توێژینەوەکە : بە پێی ئەم پێوەرە توێژینەوەی زانستی دابەش دەبێت بۆ دوو جۆر: توێژینەوەی زانستی تیۆری ، توێژینەوەی زانستی پراکتیکی.

جۆری یەکەم : توێژینەوەی زانستی تیۆری :

کە مەبەست لێی گەیشتنە بەزانیاری تەنها لەپێناو خودی زانیاریدا بەبێ ئەوەی کە ئامانجێکی کرداری لەئارادابێت هەروەك توێژینەوەی زانستی تیۆری، توێژەر تەنها بۆ پەیبردن بەڕاستیەکی زانستی پێی هەڵدەسێت ، بەبێ ڕوانین لەبەجێهێنانی زانستی بۆی .

وەمەبەستی توێژینەوەی تیۆری تەنها خۆی لەگەیشتن بە زانیاری ڕاستەقینەدا دەبینێتەوە ، بۆ تێرکردنی سروشتی حەزی ئاگایی و هۆشیاری و خواستی زانستی. توێژەری زانستی لە ئامادەکردنیدا بۆ توێژینەوەی تیۆری ،هەرگیز گرنگی نادات بەبەجێهێنانەکانی کارەکانی ڕۆژانەی .بەشێوەیەکی گشتی توێژینەوەی ،انستی ۆری لەو بابەت و بیرۆکە زانستی و ئەدەبیو کۆمەڵایەتیانە

دەدوێت کەبەزانستە مرۆڤایەتیەکان ناودەبرێن وەك : زانستەکانی زمان و ڕێزمان و ئەدەب و مێژوو جوگرافیاو کۆمەڵناسی‌و لۆژیك و فەلسەفەو دین .....تاد.

وەهەموو ئەو زانستانەی کە ئامادەکردنی توێژینەوە لە بابەتەکانیدا سودو کەڵکی تیۆری ئاشکرا بەدیدەهێنێت ، نەك سودی کرداری ، وەك ئەنجامدانی لێکۆڵینەوە دەربارەی ئەو هۆکارانەی کە کاریگەربوون لەسەر ژیانی شاعیرێك ، ئەدیبێك یان سەرۆکی دەوڵەتێك یان فەیلەسوفێك ، تەنها سودێکی ئەدەبی یان مێژوویی تیۆریمان پێشکەش دەکات.

جۆری دووەم : توێژینەوەی زانستیی پراکتیکی :

مەبەست لێی گەیشتنە بە زانیاری نەك تەنها بە مانایەکی دیاریکراو بۆی و لە پێناویدا، بەڵکو بۆ بەدیهێنان و داهێنانی چارەسەرێکی دیاریکراوو پەسەند بۆ ئەو کێشانەی کە بەلای کۆمەڵگەوە گرنگن و دوچاریان بووە . لەوانەش : کێشەکانی بەرهەمهێنان و داهێنراوەکان و خزمەتگوزاریەکان ، وە ئەوانەشی کە لە چارەسەرکردنیاندا بەشداری دەکەن بۆ بەدیهێنانی مەبەستەکانی کۆمەڵگە لە پێشکەوتنی بەرهەمهێنان و چاککردنی پێویستیەکانیدا.

بە دەربڕینێکی تر توێژینەوەی زانستی مەبەستی فەراهەمهێنانی دۆزراوەو داهێنراوە زانستیە نوێیەکانە ، هەروەك توێژینەوەی زانستی پێشکەوتو ، درێژەپێدەری زیادکردنی بەرهەم و چاککردنی ئامرازەکانیەتی بە بەکارهێنانی هۆکارە تەکنیکیە تازەکان لە کەمکردنەوەی خەرجی و تێچونەکاندا ، لەبەرامبەر زیادبوونی بەرهەم و ئاستەکانی خزمەتگوزاریدا کە دەرەنجام دەبێتە هۆی زیادبوونی قازانج و پێشکەوتنی زانستی خوازراو .

وەوشەی تەکنەلۆژیا لە توێژینەوەی زانستی پراکتیکییەوە دروستبووە . بەمانای بە جێهێنانی زانستی بۆ بەرهەمەکانی پێشکەوتنی زانستی لە وەبەرهێنانی کالأی بەسود بۆ کۆمەڵگە .

هەروەك وشەی تەکنەلۆژیا واتە شارەزایی ڕێکخراو بە هونەرە پیشەسازیەکان و بەجێهێنانی زانستە تیۆریەکان و تەرخانکردنی لەکارگەکاندا: بۆ هێنانەکایەی شتی کرداری و هەستپێکراو.

دەبێت ئەوەش لەیادنەکەین کە هەردوو جۆری توێژینەوەی زانستی: تیۆری و پڕکتیکی بەتەواوی لەیەك جیاناکرێنەوە بەهۆی ئەو پەیوەندیەی کە لەنێوانیاندایە. هەروەك توێژینەوەی پڕکتیکی سودە خوازراوەکانی نایەتەدی بە پاڵپشتی توێژینەوەی زانستی تیۆری نەبێت، وەهەروەها توێژینەوەی زانستیی تیۆریش.

پێوەری دووەم :

سنووری توێژینەوەکە :

بە پێی ئەم پێوەرە توێژینەوەی زانستی دابەش دەکرێت بە دوو جۆرەوە : توێژینەوەی زانستی بنچینەیی و توێژینەوەی زانستی کرداری .

جۆری یەکەم : توێژینەوەی زانستی بنچینەیی :

مەبەست لێی گەیشتنە بە زانیاری گشتی . واتە بە چارەسەری گشتی بۆ کێشەیەکی دیاریکراو لەچوارچێوەیەکی دیاریکراودا ، ئەویش بە ، کۆلینەوەی لەمیانەی ئەو مەیدانە زانستی‌یەی کە ئەو کێشەیەی بۆدەگەڕێتەوە .

وە مەودایەك لەمەوداكانی زانیاری دیاریكراو چوارچێوەی توێژینەوەی
بچەی پیكدەهێنێت : وەك بواری پەروەردەیی یان مێژوویی ، ئەمەش لەمیانەی
بارودۆخی دیاریكراوی توێژەردا .

جۆری دووەم : توێژینەوەی زانستیی كرداری :

مەبەست لێی گەیشتنە بە زانیاریەكی تایبەتی ناوخۆیی ، لە چوارچێوەیەكی
تایبەتدا كە پەیوەندی بە كێشەیەكی تایبەتەوە هەیە لە كات و شوێنی
دیاریكراودا . وەتایبەتمەندێتی توێژینەوەكە رێگرە لەبەردەم دروستكردنی هەر
بارودۆخێكی نوێدا . بەڵكو توێژەر لە توێژینەوەكەیدا پابەندە بەو بارودۆخەی
كەلەئارادایە وە لەهەمان كاتدا ئەو دەرئەنجامانە بەكارناهێنێت كە پێی گەیشتووە
لەسەر ئاستی گشتی توێژینەوەكە نەبێت .

پێوەری سێیەم :

تایبەتمەندی توێژینەوەكە :

بەپێی ئەم پێوەرە توێژینەوەی زانستی دابەش دەبێت بۆ سێ جۆر: توێژینەوەی
پۆلی ، توێژینەوەی ماستەر ، توێژینەوەی دكتۆرا.

جۆری یەكەم : توێژینەوەی پۆلی :

ئەم جۆرە لە توێژینەوە لەكاتی خوێندن لە پۆلدا ئامادە دەكرێت ، واتە لە
میانەی سالآنی خوێندنی زانكۆدا جا لە كۆلێژە زانستی یان ئەدەبیەكان بێت .
كە ئەویش مەبەست لێی راهێنانی قوتابی زانكۆیە لەسەر چۆنیەتی ئامادەكردنی
توێژینەوە : وەك سەرەتایەك بۆ ئامادكردنی توێژینەوەكانی ماستەرو دكتۆرا.بۆیە

دامەزراوەی زانکۆکان جەخت دەکەنەوە لەسەر خوێندنی وانەی ڕێبازی توێژینەوە یان زنجیرەیەك توێژینەوە لە کاتی خوێندنی زانکۆدا

مەبەست لە توێژینەوەی پۆلی ڕاهێنانی قوتابی زانکۆیە لەسەر ئامادەکردنی توێژینەوەو ... شان ... ەشەپێدانی بەهرەکانی و فراوانکردنی زانین و ڕێکخستنی بیروڕاو دەربڕینی ئەو بیرۆکەو ئەندێشانەی کە لە بیروهۆشی دا دێت و دەچێت، بەشێ... ... ڕمانەوانی باش لە ڕووی وشەی هەڵبژێردراو یان ڕستە یان دەربڕین یان زاراوە یان ڕەوانبێژی یەوە بێت

وە لەبەرئەوەی ئەم جۆرە توێژینەوەیە بۆڕاهێنانە ئەوا مەرج نی یە نمونەیی بێت، هەر بۆیە نر ... ی زانستی بوونی توێژینەوەکە لەوەدا دێتەدی کە توێژەر ڕەچاوی بنەماو بەجێهێنان و هەنگاوەکانی ئامادەکردنی توێژینەوەکە بکات، پاشا ... ئەو ڕێنمایی و ... ۆژگاریانەی کە پێی دراوە جێبەجێی بکات ژمارەی لاپەڕەکانی ئەم جۆرە توێژینەوەیە لەنێوان ٥٠ - ١٠٠ لاپەڕەدایە

جۆری دووەم : توێژینەوەی ماستەر

توێژینەوەیەکی پسپۆڕییەو پلەی لەم توێژینەوەی پۆلی بەرزترە بۆئامادەکردنی وەم جۆرە لەتوێژینەوە پێویستە توێژەر بڕوانامەی خوێندنی زانکۆی بەدەست هێنابێت

توێژینەوەی ماستەر بە توێژینەوەیەکی پسپۆڕی دادەنرێت کەمەبەستی هێنانەدی نوێگەری یە لەزانیاری ڕۆشنبیری و زانستەکان و ڕاهێنانی توێژەر بۆ بەدەس ... ێنانی ئەزموون لەچوارچێوەیەکی وردترو فراوانتر لەئامادەکردن و بەدواداچووندا بۆیە توێژینەوەی ماستەر تاقیکردنەوەی زیرەکی و توانایی توێژەرو ئامادەگیەکانی یەتی لەسەر درێژەپێدانی توێژینەوەو داتان و بەدواداچوون و دواتر

هەڵەی ... اوێکی نوێ ، ...ەك سەرەتایەك بۆ ئامادەکردنی توێژینەوەی ...ەوەرەك دەکرێت توێژینەوەی ماستەر نوسین بێت لە بابەتێکی نوێدا ... راداچوونی دەستنوسێك بێت.

...ەی زانکۆکان بۆ ئامادەکردنی توێژینەوەی ماستەر بەمەرجی دادەنێن کە ...ەی زۆر لەبروانامەکەیدا هەڵسەنگاندنی لە پلەی زۆرباش کەمتر نەبێت . ژمارەی لاپەڕەکانی توێژینەوەی ماستەر ٢٠٠ لاپەڕەیە.

جۆری سێیەم : توێژینەوەی دکتۆرا :

بەرزترین توێژینەوەی پسپۆڕی و لوتکەی توێژینەوە زانستیەکانە . بەمەبەستی نوێکاری چەسپاوو ڕیشەیی لە مەیدانی زانستەکاندا ، کە دەتوانێت کتێبخانە دەوڵەمەند بکات بە بیرۆکەی نوێ و بیردۆزی داهێنراوی زانستی .

وە مەبەستە بەرزەکەی خۆی لە دروستکردنی کەسێتیەکی زانستی ڕاستەقینەو ... دەبینێتەوە ، تاوەك سە... ...یەکی زانستی پشتی پێببەسترێت ،کە بەر... ...یاریتی بەشداریکردن لەبوژاندنەوەی زانستی کۆمەڵگەکەیدا لەئە... دەگرێ ... جوارچێوەی پسپۆڕیەکەیدا .

...ێت توێژینەوەی دکتۆرا نوسین بێت لە بابەتێکی نوێی داهێنراودا یان بە... ...چوون و لێکۆڵینەوەی دەستنوسێك بێت ... ژمارەی لاپەڕەکانی توێژ... ...ی دکتۆرا لە ٥٠٠ لاپەڕەدا خۆی دەبینێتەوە .

...ش ...ڕاستەی نوێ لەزانکۆکاندا بریتیە لەکەمکردنەوەی ژمارەی لاپەڕەکانی توێژینەوەی ماستەر بۆ ١٠٠-١٥٠ لاپەڕەو توێژینەوەی دکتۆرا بۆ ... ٢٠٠ لاپەڕە .

توێژینەوەی ماستەرو دكتۆرا لەگەڵ بڕوانامەی زانكۆدا (لیسانسی پزیشکی و بەكالۆریوس) لە ڕژێمی غەرەدا هاوشێوەن كە ئەوانیش : (پەسەند و زۆرباش و بالا) ن .

ئەوەی پێویستە لێرەدا ئاماژەی پێبكرێت : ئەوەیە كە نازناوی (دكتۆر) بەیەكێك دەبەخشرێت كە توێژینەوەیەكی لەبابەتێكی دیاریكراودا ئامادەبكات و لەبەردەم لێژنەیەكی پێكهێنراوی زانكۆدا پێشكەشی كردبێت. هەروەها پێویستە ئەندامانی لێژنەكە پلەی دكتۆرایان بەدەست هێنابێت و لەهەمان لە بواری وانەوتنەوەو نوسین و ئامادەكردن و بلاوكردنەوەی توێژینەوەدا دەستێكی بالایان هەبێت .


جۆرەكانی تری توێژینەوە:

١- ڕاپۆرت: بریتیە لەكۆكردنەوەی چەند ڕاستی یەك یان ڕاسپاردەیەكی دیاریكراو بەمەبەستی بلاوكردنەوەو ڕاگەیاندنی بەخەڵك. چونكە بەدوای ئەو پرسیارو ڕاسپاردانەدا ئەچێ كە لەكۆنگرەیەكی زانستیدا بڕیاری لەسەردراوە.

٢- وتار: مەبەست لە وتار خستنەڕووی زانیاری كۆنە وە بەمانای بەتوێژینەوە لەقەڵەم نادرێت و هیچ زانیاریەكی نوێ نابەخشێتە خوێنەر، وە وتار پابەند نابێت بە بنەماكانی توێژینەوەوە وەك : دابەشكردنی بۆ پێشەكی و بەش و باس و كۆتایی و پێرستی سەرچاوەكان ،یان ئاماژەكردن بە دەقی وەرگێراو.

بەڵكو وبار تەنها ڕای نووسەر ئەخاتەڕوو ،ئەویش بەتۆماركردنی تێبینی و لێكدانەوەكانی بەشێوازێك خواستی خوێنەر بوروژێنێو سەرنجی بەلای ڕای خویدا ڕابكێشێ.

ئەمەش بەپێچەوانەی توێژینەوەی زانستی یەوە كە ئامانج لێی ڕوونكردنەوەی كێشەی زانستی و ڕاستی داواكراوە، بەشێوەیەكی بابەتیانە وێڕای خستنەڕووی زانیاری نوێ.



باسی سێیەم

بنەماکانی توێژینەوەی زانستی

بنەماکانی توێژینەوەی زانستی :

تارادەیەکی زۆر گرنگی توێژینەوەی زانستی پەیوەستە بە دیاریکردنی بنەما ئەدەبی یەکانەوە ، لەوانەش :

١- دیاریکردنی کێشەی توێژینەوەکە.

٢- نوێکاری و داهێنانکاری.

٣- زیادکردنی زانیاری نوێ.

٤- گرنگی توێژینەوەکە.

٥- ڕەسەنێتی توێژینەوەکە.

٦- گونجاوی توێژینەوەکە.

٧- سەربەخۆیی توێژینەوەکە.

٨- فرەیی سەرچاوەکانی توێژینەوەکە.

١- دیاریکردنی کێشەی توێژینەوەکە :

کێشەی توێژینەوەکە واتە : بابەت و کێشەو بوارو بیرۆکەکانی توێژینەوە زانستی یەکە . کە ئەمیش یەکێکە لەبنەما بنچینەیی یەکانی توێژینەوە، دیاریکردنی کێشەی توێژینەوە ڕۆڵێکی گرنگی هەیە لەڕوونکردنەوەو خستنەڕووی گرنگی توێژینەوەکەو ئەو گریمانانەی کە پشتی پێدەبەستێت و جۆری زانیاری و هۆکارو نمونەو تاقیکردنەوەو شێوازو جۆرەکانی ئەو بەرنامە زانستیانەی کە پشتیان پێ

دەبەستریت لەئامادەکردنی توێژینەوەکەدا .وە دیاریکردنی کێشەی توێژینەوە لەسەر چەند هۆکارێك بەندە لەوانە :

أ- **جۆری زانستەکە** : واتە جۆری زانیاری و بواری زانستی بابەتی توێژینەوەکە . هەروەك بوارەکانی زانست و زانیاری زۆرێك لەو کێشانە دەوروژێنێت کە پێویستە بنە بواری توێژینەوەو بەدواداچوون .هەروەها بەدەستهێنراوە هەمەجۆرەکان لە بوارەکانی زانیاری و زانستە مرۆڤایەتیەکاندا زۆرێك لە زانیاری و ڕاستی زانستی و سەرەنجام زۆر کێشە لە مەیدانە جیاوازەکانی زانستدا دەوروژێنێت .پاشان جۆری زانست یان زانیاری تارادەیەکی زۆر یارمەتیدەرە لە دیاریکردنی جۆری کێشەی دیراسەکراو .

ب- **پسپۆڕی زانستی** : بریتی یە لە شارەزایی و پەیبردن بە کێشەکانی توێژینەوەکە.توێژەری پسپۆڕ دەتوانێت تێبینی زۆر کێشەی چارەسەرنەکراو بکات ، وە لە دەرگای زۆر بواری زانستی فەرامۆشکراو بدات و دەستی لەسەر زۆر بابەت وبیرۆکەی نوێ دابنێت .

ج - **خواستی زانستی** : ئەمیش خواستی ئاگایی و لێکۆڵینەوە لەو بنەمایانەی کە حەزی بەدواداچوون و شارەزابوون دەوروژێنێت و توێژەر هان دەدات بۆ لێکۆڵینەوە لە کێشەیەکی زانستی دیاریکراو ، و دواتر هەوڵدان بۆ دۆزینەوەی چارەسەر .

ڕەنگە کێشە لە توێژینەوەکەدا بریتی بێت لە تێبینیـیە مەیدانیـیەکانی توێژەرو ئەزمونەکانی ڕۆژانەی ، لێرەدا خواست و گرنگیدانی سەربەخۆی خۆی پاڵیـپێوە دەنێت بۆ هەوڵدانی ڕاستەقینە لەپێناو دۆزینەوەی چارەسەر بۆ ئەو کێشانەی کە لەوەی دروستبووە ، بۆنمونە : یاسای تاقیکردنەوەکان ، وەئایا پێوەرێکی دروستە

بۆ ڕاستکردنەوەی قوتابی ؟ یان شێوازو پرۆگرامی پەیڕەوکراوی خوێندن گونجاوو شیاوە بۆ گەیاندنی زانیاریەکان ؟.

د- ئامانجی زانستی : بریتی‌یە لە خواستی توێژەر بۆ گەیشتن بە تیۆرێکی زانستی نویٚ یان یاسایەکی نویٚ یان داهێنانێکی نویٚ کە دەکرێت خودی توێژەر یان کەسانی تر سودی لێوەربگرن لە بواری وانەوتنەوەدا . یان گەیشتن بە تیۆر یان یاسایەك کە سودی لێوەربگیرێت لەوەبەرهێنانی تواناکاندا...تاد.

هـ- بابەتی زانستی : بڕو جۆری بابەتە زانستیەکە بەشداری دەکات لە دیاریکردنی کێشەی توێژینەوەکە . چەندە قەبارەی بابەتە زانستی‌یەکە کەمتر بێت ، هێندە ئەو بیرۆکەو کێشانەی کە دەیوروژێنێت کەمتر دەبێت و هەلی زیاتر دەڕەخسێت لە دیاریکردنی کێشە لە توێژینەوەکەداو دۆزینەوەی چارەسەر بۆی .هەروەك چەندێك جۆری بابەتە زانستی‌یەکە دیاریکراو بێت و کێشەو مەبەستە خوازراوەکانی ناسراو بێت ئەوەندە بوار والاٌ دەبێت بۆ دانانی چارەسەر بۆ کێشەکان.

٢- نوێکاری و داهێنانکاری :

لە بنەما بنچینەیی‌یەکانی توێژینەوە ، ئەوەیە کە نویٚ و داهێنراو بێت و زانیاری نویٚ زیاد بکات واتە گواستراوە یان لاسایی یان وەرگێڕان یان دووبارە نەبێت .هەروەك نوێکاری لە توێژینەوەدا ئەوە ناگەیەنێت کە توێژینەوەکە لەوەوپێش باس نەکرابێت . بەلکو بەو مانایەی کە لێکۆلینەوەکە لە بەشێکی زانستی یان بیرۆکەیەك یان لە کێشەیەکی زانستی پەیوەست بە توێژینەوەکە بدوێت .کە پێشتر باس نەکرابێت ، لە کاتێکدا زۆربەی ئەو توێژینەوانەی کە ئەنجام دراون توێژەر زۆرێك لە کێشە دەدۆزێتەوە تیایاندا .

هەروەها نوێكاری لە توێژینەوەدا چەند شتێكی تر دەگرێتەوە : وەك رێكخستنی بابەتە باسكراوەكەو بەشەكانی بە شێوازێكی نوێ یان وەك پەیبردن بە هۆكاری نوێ بۆ راستیيە كۆنەكان و بواری نوێ بۆ ئەو بیردۆزانەی كەلە ئارادان .

٣- **زیادكردنی زانیاری نوێ** : بەندە لەسەر جۆری كێشەی توێژینەوەكە . چونكە توێژینەوەی وا هەیە كە زۆرێك لە كێشەو بابەتی جۆراوجۆر دەوروژێنێت لە كاتێكدا كە چارەسەرەكانیان فەراهەم هاتووە .

لێرەوە هەموو توێژینەوەیەك شایەنی هەوڵدان و بەدواداچوون نیيە هەرچەندە رەگەزەكانی نوێكاری و داهێنانكاری تیادا هاتبێتەدی. وە پێویستە توێژەر لەراستی رەگەزی توێژینەوەكەی بكۆڵێتەوەو بپرسێت كە ئایا چی نوێی هەیە بۆ مەیدانەكانی زانست . لەمەشدا هەردوو بواری زانستی تیۆری و پراكتیكی يەكسانن .

٤- **گرنگی توێژینەوەكە** : ئەمەش جێبەجێ دەبێت بەسەر توێژینەوەو توێژەردا بەيەكسانی .

هەروەك راست و بەجێیە توێژینەوە لەگرنگی توێژینەوەكە خۆی و گرنگی ئەو كێشانەی كە دەیوروژێنێت و ئەو بابەتانەی كە لێی دەدوێت وە ئەو بوارانەی كە دەیگرێتەوە سەرچاوە دەگرێت .

وەهەروەها گرنگی توێژینەوە پەیوەستە بە گرنگیدانی خودی توێژەر بە توێژینەوەكەو ئەندازەی گەرم و گوڕی وهەوڵدانی . هەروەك پێویستە توێژینەوەكە لەبابەت گەلێك دا بێت كە لەڕووی زانستیيەوە گرنگی هەبێت.

٥- ڕەسەنی توێژینەوەکە :

ئەمەش لەبنەما بنچینەیی‌یەکانی توێژینەوەیەو لەڕاستی و بەجێیی بەشداری‌یە هەمەجۆرەکان لەبوارەکانی زانستە مرۆڤایەتیەکاندا گەلاڵە دەبێت ، وە توێژینەوە لەڕەسەنی و سەربەخۆیی بیرۆکەکاندا بنیات دەنرێت ، هەروەك توێژینەوەی ڕەسەن پشت بە بیرۆکەی نویێ و ڕای تازە دەبەستێت ، نەك تەنها گێڕانەوەی ڕاوبۆچوونی توێژەرانی تر بێت لە قالبی تازەدا یان کورتکردنەوەی ، بەلام توێژەر بۆی هەیە کە پشت بە ڕاوبۆچوون و پوختەی توێژینەوەی کەسانی تر ببەستێت ، وێڕای سودوەرگرتن لە لێکۆڵینەوەو تێبینی پەیوەست بەبابەتێکی دیاریکراوو دەرئەنجامەکانی لە دروستکردنی بیرۆکەی تایبەت و دارشتنی گریمانەی زانستی و خستنەڕووی ئەو بەلگەو ڕونکردنەوانەی کە پالپشتی بیرۆکەو چارەسەرو تێڕوانینەکانی دەکات سەبارەت بە بابەتی توێژینەوەکە .
هەروەها ڕەسەنی توێژینەوەکە بەندە لەسەر خودی بابەتی توێژینەوەکە، بەوەی کە چەندە نویێو داهێنراوبێت و خاوەنی نرخی زانستی بێت و پەیوەست بێت بە گرنگی‌دانەکانی کۆمەلگاوە لەزانیاری و گریمانەو کێشەو چارەسەرەکانی و شایەنی کۆشش و هەولدان بێت، ئەوا هێندە توێژینەوەیەکی ڕەسەن دەبێت .

٦ گونجاوی توێژینەوەکە:

واتە ڕوونەچوون لەبابەتی ئاڵۆزو شاراوەو لقداردا کە لەسەروو توانای مرۆڤدەوەیە لە توێژینەوەکەدا، لێرەوە پێویستە توێژەر پەرە بە توانا زانستییەکانی بدات و لە خۆی بپرسێت کە ئایا لە توانایدایە توێژینەوە ئامادە بکات ؟

چونکە هەنگاوی نارێك و سەرپێی و حەزی کوێرانە بۆ توێژینەوە لە بابەتێکدا ، ڕەنگە لەو ئاستەدا نەگونجێت لەگەڵ قەبارەی ئەو کێشانەی کە پەیوەستن بە ئەنجامدانی لێکۆڵینەوەکەوە. هەروەك زۆر بابەت و توێژینەوەی سەرنج ڕاکێش هەن کە توێژینەوە لەبارەیانەوە ئاسان نییە، ئەویش یان بەهۆی کەم و کورتی هۆکارە مادی و مەعنەویەکانی توێژینەوەکە یان بە هۆی ئاڵۆزی و لقداری یان گەورەیی کێشەکانیەوە .

وە هەروەها گونجاوی و دەستدانی توێژینەوەکە بەندە لەسەر توانای توێژەر لە دیاریکردنی مانا و زاراوە بەکارهاتووەکان لە دارشتنی توێژینەوەکەدا .

٧- سەربەخۆیی توێژینەوەکە :

توێژەر لە هەموو کەس لەپێشترەو مافی خۆیەتی کە سەربەخۆ بێت لەئامادەکردنی توێژینەوەکەیدا. ئەمەش بنەمایەکی ڕەوشتییە کە ئەندازەی پابەندبوونی توێژەر بە بنەماکانی بابەتیبوونی زانستی و بنەماکانی ڕەفتاری ئەدەبی لە ئامادەکردندا دەردەخات .

هەروەك بنەماکانی ڕەوشتی زانستی پێویستی بەسەربەخۆیی توێژەر هەیە لەهەربابەتێك یان توێژینەوەیەك کەمافی پێشینەیی هەیە لە ئامادەکردنیدا ، بەبێ پێشێلکردنی مافی کەسانی تر. لێرەوە دامەزراوەکانی زانکۆ سورن لەسەر پێشگیری کردنی ئەم بنەمایەو توێژەران قەدەغە دەکەن لە پێشێلکاری و



تویژینەوە ئەنجامدان لە بابەت گەلێك دا کە پێشتر تویژینەوەیان لـەبارەوەکراوە، ئەویش بەبلاوکردنەوەی ناوی کەسانی تویژەرو تویژینەوە تۆمارکراوەکانیـان لـە بلاوکراوەی خولیی تایبەتدا . لەهەمان کاتدا زۆر دەقی یاسایی هەیەلەسەر سزای پێشێل کردنی مافی کەسانی تر لـە نوسین و تویژینەوەدا ، کە (بەمافی ئەدەبی بۆ تویژینەوەی زانستی) دەناسرێت.

٨- فرەیی سەرچاوەکانی تویژینەوەکە :

فرەیی و دابین بوونی سەرچاوەکانی تویژینەوە کارێکی زۆر پێویستە، چـونکە بەبیّ سەرچاوە تویژەر ناتوانێت سەرکەوتووبێت لە ئامادەکردنی تویژینەوەکەیـدا وە پێویستە لەسەر تویژەر لـەو تویژینەوانە دوربکەوێتەوە کە سەرچاوەی کـەمیان هەیە. وەهەروەها ئەو بابەتە ئالۆزانەی کە دیاریکردنی سەرچـاوەی پەیوەندیـدار پێوەی کارێکی قورسە . وشەی سەرچاوە واتە کتێبی کۆن و نویّ و دەستنوس و بلاوکراوەی خولیی وەك گۆڤارو رۆژنامەو کتێبی وەرگێردراوو... هتد.



باسی چوارەم

هەنگاوەکانی ئامادەکردنی توێژینەوەی زانستی

هەنگاوەکانی ئامادەکردنی توێژینەوەی زانستی :

ئامادەکردنی توێژینەوەی زانستی پێویستی بەچەند هەنگاوێك هەیە لەوانە:

١ – هەڵبژاردنی بابەتی توێژینەوەکە .

٢ – ئامادەکردنی پلانی توێژینەوەکە .

٣ – کۆکردنەوەی سەرچاوە .

٤ – کۆکردنەوەی مادەی زانستی.

٥ – دارشتنی توێژینەوەکە.

٦ – پێرستکردنی سەرچاوەکان.

هەنگاوی یەکەم : هەڵبژاردنی بابەتی توێژینەوەکە :

گرنگترین هەنگاوی ئامادەکردنی توێژینەوەیەو توێژەر ناتوانێت بەهەنگاوەکانی تری توێژینەوەکە هەڵبستێت تا ئەم هەنگاوەی لا روون نەبێت . وە ئەم هەنگاوە رەنگە قورس دەربکەوێت بەهۆی گرنگیەکەیەوەو بەوپێیەی کە زۆربەی بابەتە زانستیە تیۆری و کرداریەکان توێژینەوەیان لەبارەوەکراوە یان پێکهاتەکانی ئاشکرانین و لقدارو ئالۆزن . بەلأم بەپێچەوانەی ئەمەوە ئەو بابەت و حاڵەتە زانستیانەی کە توێژینەوەیان لەسەرنەکراوەو ئاشکران ژمارەیان زۆرە .

ڕێگــەکانی هەڵبــژاردنی بابــەتی توێژینەوەکــە کــورت دەکرێنەوە لە دوو ڕێگەدا:

١- هەڵبژاردنی بابەتەکە لەلایەن توێژەرەوە .

٢- هەڵبژاردنی بابەتەکە لەلایەن مامۆستای سەرپەرشتیارەوە .

١- هەڵبژاردنی بابەتەکە لەلایەن توێژەرەوە:

ئەمەش باشترین ڕێگەو نمونەییترین شێوازە لــە هەڵبژاردنــدا . توێــژەر خــۆی خاوەنی توێژینەوەکەیەتی و تایبەتمەنــدە لــە بابەتەکەیــداو زاڵــە بەســەر پێکهاتــەو بەشەکانیداو خواستی بەرچاوی هەیە بۆ نوسین لەبارەیەوە.

هەڵبژاردنی بابەتی توێژینەوە بەزۆری لــە میانــەی مــاوەی خوێنــدنی زانکــۆدا دەبێت ، بە پاڵپشتی خوێندنەوەی چڕوپڕی توێژەر .بەشێوەیەك کە شــارەزاییەکی زانستی هەبێت دەربارەی بابەتەکەی و پێکهاتــەکانی ، پاشــان ژمارەیــەك بابــەت هەڵبژێرێت بۆ توێژینەوەی ماستەرو دکتۆرا ، بۆئەوەی کاتی تەواوی هــەبێت بــۆ پالاوتنیان ، هەرچەندە هەڵنەبژاردنی بابەتی توێژینەوە لەلایەن توێژەرەوە لــەکاتی خوێندنی زانکۆدا مانای بێ توانایی و بێ دەسەلاتی توێژەر ناگەیەنێت .

هەروەك پەلەکردن لە هەڵبژاردنی بابەتی توێژینەوەدا دەبێتە هۆی ئەوەی کــە بابەتێکی نەخوازراو هەڵبژێردرێت و دواجار توێژینەوەکە گرنگی خۆی لەدەست بدات و توێژەر بخاتە تەنگ و چەڵەمەیەکەوە کە دەرچوون لێــی ئەســتەم بێــت ، مەگەر لەســەر هــەوڵ و توانــایی کــاتی و لێوەشــاوەیی‌یە زانســتی‌یەکانی خــۆی قەرەبوی بکاتەوە .

٢ هەڵبژاردنی بابەتی توێژینەوەکە لەلایەن مامۆستای سەرپەرشتیارەوە:

ئەم شێوازە گونجاوە سەبارەت بە زۆرێك لە توێژەران و ئەوانەی کە کات و توانا زانستی‌یەکانیان یارمەتیان نادات لە هەڵبژاردنی بابەتێکدا لەکاتی خوێندنی زانکۆ یان دوای خوێندن .

وەمەرج نی‌یە ئەم شێوازە رێگر بێت لەبەردەم هەڵبژاردنی‌ڕاست ودروست دا . بە پێچەوانەوە ڕەنگە مامۆستای سەرپەرشتیار ژمارەیەك بابەتی گرنگ و شاوی لادەست بکەوێت ئەوکاتە هەڵبژاردنی بابەتەکە لەلایەن مامۆستای سەرپەرشتیارەوە سەرکەوتوو دەبێت و توێژەر دەتوانێت لەگەڵ مامۆستاکەیدا سەبارەت بە بابەتەکە بدوێت و ڕابگۆڕێتەوەو چەند وەلامێکی دیاریکراوو سودبەخش و پەیوەندیدار بەبابەتەکەیەوە دەست بکەوێت.

مەرجەکانی هەڵبژاردنی بابەتی توێژینەوە:

١- نوێکاری و داهێنانکاری :

واتە بابەتەکە نوێ بێت وپێشتر تێیدا نەنوسرابێت یان تۆمار نەکرابێت و پێشکەش نەکرابێت بۆ بەدەست هێنانی پلەی ماستەرو دکتۆرا.

بۆ ئەم مەبەستەش دامەزراوەکان جەخت دەکەنەوە لەسەر بوونی تۆمارێکی تایبەت بەهەر کۆلیژێك لەهەر زانکۆیەکدا کە بابەتەکانی ماستەرو دکتۆرای تێدا کۆنووس کرابێت . لەوانە پەسەندنەکردنی بابەتی دووبارە بەمەبەستی نەهێشتنی دیاردەی پشت پێبەستن و دزینی ئەدەبی و زانستی. بۆیە ڕێگە نادرێت کە یەك بابەت بکرێتە توێژینەوە بۆ زیاتر لە نامەیەك یان زیاتر لە توێژەرێك لەیەك بابەتدا

بنوسێت ، تەنها لەیەك حالّەتدا نەبێت کە ئەویش تێپەڕبوونی ١٠ساڵە بەسەر هەڵسەنگاندنی بابەتەکەدا .

ئەم قەدەغەکردنەش تەنها لەناو یەك زانکۆدا پەیڕەو دەکرێت ، واتە ئەگەر توێژینەوەیەك لە زانکۆیەکی دی پێشکەش کرابێت ئەوا توێژەر دەتوانێت بە هەمان ناونیشان لە زانکۆکەی خۆیدا ئەنجامی بدات.

سەبارەت بەو ماوەیەش کە دەبێت تێیدا توێژینەوەی تۆمارکراو (ماستەر یان دکتۆرا) هەڵبسەنگێرێت ، ئەوا کەمترین ماوە ٢ساڵە و زۆرترین ماوەشی ٤ ساڵە . وەدەکرێت ئەم ماوەیە درێژبکرێتەوە بە بوونی داوایەك کەلەلایەن کۆلێژ یان زانکۆوە پەسەندکرابێت .

٢- ئارەزوومەندی :

مەرجێکی پێویستەو سەرکەوتنی توێژینەوەکەی لەسەر بەندە . توێژەر خاوەنی توێژینەوەکەیەتی و لەو ڕوانگەیەوە کەسێتی زانستی خۆی دەچەسپێنێت ، بۆیە پێویستە داهێنانی تێدا بکات ، وەچەند پرسیارێك ئاراستەی خۆی بکات لەوانەش :

١ – ئایا حەزم لەم بابەتەیەو خوازراوە لام ؟

٢ – ئایا دەتوانم ئەم توێژینەوەیە ئەنجام بدەم ؟

٣ – ئایا دەکرێت نامەیەك لەبارەی ئەم بابەتەوەئامادەبکرێت ؟

٤ – ئایا شایەنی ئەو هەوڵدان و کۆششکردنەیە؟

٥ – ئایا دەکرێت ئەم توێژینەوەیە لەکاتی دیاریکراوی خۆیدا ئامادەبکرێت ؟

٦ – ئایا دەتوانم بەسەر هەموو لایەنەکانی ئەم توێژینەوەیەدا زاڵ بم ؟ و ئایا دەتوانم مادەی تەواوی بۆ بدۆزمەوە؟

وەهەر پرسیارێكی دی كەوەلاّمە ـەی توانای ڕاستەقینەی توێژەر و دەستدان و شیاوی توێژینەوەكە بۆ ئامادەكردن دەربخات .

٣ - ڕوونی و وردەكاری :

ئەم مەرجە هەردوو ماناو مەبەست دەگرێتەوە . پێویستە بابەتی توێژینەوەكە روون بێت ، ورد بێت لە خستنەڕووی بیرۆكەكانداو گاریگەر بێت لە داڕشتن و دەربڕیندا ، بە شێوازێكی شیرین و بەبەكارهێنانی وشەی دیاریكراو . كەواتە ئەركی توێژەر تەنها هەلّبژاردنی ناونیشان یان بابەت نییە ، بەلّكو وردەكاری هەلّبژاردنە لە ڕووی وتەو دیاریكردنی لە ڕووی مەبەستەوە بەدەربڕینێكی ڕوون و سەرنج ڕاكێش كە هیچ تێكەلّی و ئالّۆزیەكی تێدا نەبێت .

٤ - دیاریكردنی وتە (بێژە) :

پێویستە لە بابەتەكەدا ئەو وشانە دیاریبكرێن كە مەبەست ڕوون دەكەنەوە، سەرەڕای دووركەوتنەوە لە درێژبڕییەك كەمەبەست نادات بەدەستەوەو دەبێتەهۆی ئەوەی بابەتەكە ڕەونەقی خۆی لەدەست بدات .هەروەك لەلایەكی ترەوە نابێت بابەتەكە ئەوەندە كورت بێت كە مانای خۆی لەدەست بدات .

٥ - سەرچاوە :

دابین بوونی سەرچاوە مەرجێكی پێویستە بۆ هەلّبژاردنی بابەتی توێژینەوە، پێویستە توێژەر لەو بابەتانە دووربكەوێتەوە كە سەرچاوەیان دەگمەنە بۆ ئەوەی كات و توانای بەفیڕۆ نەدات. هەربۆیە پێویست ناكات پەلە بكرێت لە هەلّبژاردنی بابەتی بریقەداردا. لەكاتێكدا هەندێك لە زانایان نرخی زانستی نامەكە لەفرە سەرچاوەیی و زۆر خوێندنەوەی ئەو سەرچاوانەدا دەبینن ، بەتایبەتی سەرچاوە تایبەت و بنچینەییەكان .

دەبێت ئەوەشمان لەیاد نەچێت کە هەڵبژاردنی دروست و تەواوی بابەتەکە چ لە ڕووی باسکردن یان لە ڕووی مەرجەکانی هەڵبژاردنەوە بێت خۆی لە خوێندنەوەی فراوانی توێژەردا دەبینێتەوە لە کتێب وسەرچاوەی بنچینەیی و لاوەکی و کۆن و نوێدا .

هەنگاوی دووەم: ئامادەکردنی پلانی توێژینەوەکە :

ئەمەش هەنگاوی دوای هەڵبژاردنی بابەتەکەیە ، پێش هەنگاوی کۆکردنەوەی مانا زانستییەکان ، بەلام هاوکاتە لەگەڵ هەنگاوی کۆکردنەوەی سەرچاوە زانستییەکاندا .

پلانی توێژینەوە هەنگاوی بنچینەیی و بونیادی پەیکەری ڕێکخراوی توێژینەوەکەیە . پلان پرۆژەی ئەندازەیی بەش و پێکهاتە واتاییەکانی توێژینەوەیە. بۆیە پێویستە بە تۆکمەیی دابنرێت و بەوردی وێنەی بکێشرێت.

دیارە نەخشەی توێژینەوەش جیاواز دەبێت ، بەپێی هەمەجۆری خودی توێژینەوەکان . جا لەڕووی ئەو ژینگەیەوە بێت کە تێیدا ئامادە دەکرێت یان ئەو زانکۆیەی کە قوتابی پەیڕەوی مەرجەکانی دەکات ...تاد .

هەروەها پێویستە توێژەر لە پلان داناندا سود لە پلانی توێژینەوەی دی وەربگرێت نەك پەیڕەوی ڕێبازەکەی بکات ، بۆئەوەی پلانەکە لە بۆشاییەکی فکری یان زانستییەوە سەرچاوە نەگرێت.

هێڵە سەرەكیەكانی پلانی توێژینەوە ئەمانە دەگرێتەوە :

١ ناونیشانی توێژینەوە.

٢ – پێشەكی.

٣ – بەش وباس و ناونیشانەكانیان.

٤ – كۆتایی.

١ – **ناونیشانی توێژینەوەكە**: ناونیشان زۆر سنوردارترە لە بابەتەكەو لەهەمان كاتدا مانای بابەتەكە دەخاتەڕوو، هەندێك جاریش ناونیشان خودی بابەتەكەیە . بۆیە باشتر وایە ناونیشانێكی گونجاو هەڵبژێردرێت ، كە بەڵگە بێت لەسەر بابەتێكی زۆر دیاریكراو چونكە بابەتی گشتگیر ڕەنگە زیاتر لە ناونیشانێك هەڵبگرێت.

ئەو مەرجانەی كە پێویستە لەناونیشانی توێژینەوەدا هەبن:

أ- نوێكاری و داهێنانكاری . .

ب- وردەكاری و ڕوونی .

ج- دیاریكردن "دەست نیشانكردن ".

پێویستە ناونیشان زۆر پەیوەست بێت بەبابەتەكەوە لە ڕووی ماناوەو هەموو پێكهاتە دیاریكراوو خوازراوەكانی توێژینەوەكە لەخۆبگرێت .

وە ناونیشان لەگەڵ پلانی توێژینەوەكە پێشكەش بە ئەنجومەنی كۆلێژ دەكرێت بۆ ماركردنی . لەهەمان كاتدا ناونیشان لەتەك زانیاریەكانی تردا لەسەر بەرگی توێژینەوە یان نامەكە دەنوسرێت .



٢- پێشەکی:

ئەمەش بەشی دووەمی پلانی توێژینەوەکەیەو شوێنی لەسەرەتای توێژینەوەکەداو ڕاستەوخۆ لەدوای بەرگەو چەند بنەڕەتێك دەگرێتەوە لە گرنگترینیان :

أ- پێناسەی توێژینەوەکە:

توێژەر لە پێشەکیدا پێناسەی توێژینەوەکە دەخاتەڕوو ، بۆ ئاشناکردنی خوێنەران بە بابەتی توێژینەوەکە . تیایدا باسی ئەو ڕەگەزو بیرۆکانە دەکات کە ناوەڕۆکی بابەتەکەیان پێکهێناوە بەلام بەکورتی. واتە پێشەکی بەپێناسەیەکی کورت و پوختی بابەتی توێژینەوەکەو ئەو کێشانەی کە دەیوروژێنێت دەست پێدەکات.

ب- مەبەستی توێژینەوەکە:

واتە ئامانجی سەرەکیو ئەو پاڵنەرانەی کەلەپشت ئامادەکردنەوە خۆیان حەشارداوە ، هەر توێژینەوەیەك ئامانج و پاڵنەرو مەبەستی خۆی هەیە کەلەپێناوی بەدیهێنانیدا ئامادەکراوە ، سەرەڕای ئامانجی گشتی هەر توێژینەوەیەك کە ئەویش ئامانجی زانستیە .

واتە توێژەر ئەوە ڕوون دەکاتەوە کە بۆ نمونە مەبەستی لە ئەنجامدانی توێژینەوەکەی، ڕونکردنەوەی پێشکەوتنێك یان ڕاڤەکردنی ڕووداوێکە یان دەربارەی کەسایەتیەك یان ئامانجی داڕشتنەوەی کۆمەڵە بڕیارو ڕێککەوتن و ئامۆژگاریەکە ....تاد .

ج- توێژینەوەکانی پێشوو :

توێژەر بە کورتی ڕوونی دەکاتەوەو باسی پەیوەندی پتەوی‌و ئەو سودە دەکات کە دەیگەیەنێت بە توێژینەوەکەی.

د- ڕێبازی توێژینەوەکە :

بریتی‌یە لە هەنگاوە بنچینەییەکانی توێژینەوەکە ، ویڕای ئەو شێوازو ڕێگایانەی کە بەکاریهێناوە لە ئامادەکردنی توێژینەوەکەیدا ، جا ئەو شێوازانە واتایی بن وەك پەیڕەوو شێوازی پەروەردەیی و شێوازی دەربڕین و .....تاد . یان ماددی بن وەك ئامێرو هۆکارەکانی ڕونکردنەوە ، کە ئەمەش زیاتر پەیوەستە بە توێژینەوەی زانستی کرداریەوە.

هـ- گرنگی توێژینەوەکە :

توێژەر ئەو لایەنە شاراوەو شێوازو بەڵگانە ڕوون دەکاتەوە کەجێگەی بایەخن بۆ توێژینەوەکەو وەڵامی هەموو ئەو پرسیارانە دەداتەوە کە دەربارەی گرنگی توێژینەوەکەن لەوانەش هۆکارەکانی ئامادەکردنی توێژینەوەکەو بابەت و پاڵنەرەکانی .

و- ناونیشانە سەرەکیەکانی توێژینەوەکە :

واتە هەوڵ و کۆششی فکری‌و جەستەیی‌و ماددی . توێژەر ڕادەی پێویست بوونی توێژینەوەکە بەو هەوڵەی کە تیایدا دراوە ڕوون دەکاتەوە بە هۆی ئەو بایەخەی کە هەیەتی .

ع- سوپاس و پێزانین :

ئەمەش بۆ هەموو ئەو لایەن وکەسە ماددی و مەعنەوی‌یانـەی کەبەشـداربوون لە ئامادەکردنی توێژینەوەکەدا ، وەك سەرپەرشتیارو مامۆستاو پسپۆڕان بە بابەتی توێژینەوەکەو ئەمینداری کتێبخانەو بەڕێوەبەری زانکۆو فەرمانبەران لە کتێبخانـە و فەرمانگە حکومیەکانداو وەهەر کەسێك کە بەشداربووە لە ئامادەکردندا .

هەندێك پێیان باشەکە لاپەڕەیەکی سـەربەخۆ تایبـەت بکرێـت بـە سـوپاس و پێزانین، کەزۆرجار لە پێش پێشەکی‌دا دادەنرێت.

٣ - بەش و باس و ناونیشانەکانیان:

بەپێی شێوازی نوێ توێژینەوە دابەش دەکرێت بـۆ بـەش پاشـان بـۆ بـاس بـە پێناسەوە . واتە ناکرێت بەشێك بنوسرێت بەبێ ناونیشان. وە توێـژەر دەتوانێـت توێژینەوەکە دابەش بکات بۆ بەش بەتەنها . هەروەك ژمارەیەکی دیاریکراو نی‌یـە بۆ بەش وباسەکان و توێژەر بە پێی بابەتەکـەی خـۆی دیاری‌دەکـات .هـەروەها دەبێت ڕەچاوی ئەوە بکرێت کە پەیوەستی و گونجان لەنێوان ناونیشانی بـەش و باسەکانداو نێوان ناونیشانی سەرەکی توێژینەوەکەدا هەبێت . وەبەهـەمان شـێوە لەنێوان ناونیشانی بەشێك و نێوان ناونیشانی باسەکانیدا .

بەشێوەیەکی گشتی لقە بنچـینەیی‌یەکانی بابەتـەکانی توێژینـەوە بـەم شـێوەیە ڕیزدەکرێت : بەش- باس-بابەت-لق-بەند یان بڕگە(بـاب-مبحـث-مطلـب-فرع-بند).

٤ - كۆتايى:

لەم كۆتا بەشەى پلانى توێژينەوەدا ، توێژەر پوختەيەكى خێرا لە توێژينەوەكە باس دەكات و تيايدا ئاماژە دەكات بۆ ئەو تێڕوانين و دەرەنجام و بيرۆكە سەرەكى و پوختەكراوانەى كە لەتوێژينەوەكەيدا پێى گەيشتووە .هەروەها ئاماژە دەكات بە نوێو داهێنراو لە توێژينەوەكەدا، وێڕاى خستنەڕووى كورتەى ڕاوبۆچوونى خۆى دەربارەى ناوەڕۆكى توێژينەوەكە ،بەڕەزامەندى نواندن بێت يان تێڕوانينى پێچەوانەو جياوازى هەبێت .

دەبێت ئەوەشمان لەياد نەچێت كە ئامادەكردنى پلانى توێژينەوە بەبەش و ناونيشانەكانيەوە پێويستە لەتەك بابەتى توێژينەوەكەدا بدرێتە ئەنجومەنى كۆلێژ بۆ ڕەزامەندى نواندن لەسەر بابەتى توێژينەوەى ماستەر يان دكتۆرا .

ڕاستكردنەوەى پلانى توێژينەوە:

ئەمەش كارێكى پێويست و بەلگە نەويستە ، لەبەر ڕۆشنايى خوێندنەوەى هێواشى توێژەر لەكاتى ئامادەكردنى توێژينەوەكەدا .هەروەك پلانى يەكەمى توێژينەوە كەلە كۆلێژ تۆماركراوە پلانێكى بنەڕەتىيەو زۆرجار بەشێوەيەكى سەرپێى دانراوەو پشت بەكۆمەلێك چەمكى سەرەتايى دەبەستێت كە توێژەر بە خوێندنەوەيەكى خێرا پوختەى كردووە ، واتە تەنها پلانێكى خەملاندنە . زۆرجار توێژەر ئەوە دەبينێتەوە كە پێچەوانەى پلانەكەيەتى يان لەگەلّ پێكهاتەو بيرۆكەكانيدا ناسازێت و دژ دەوەستێتەوە . بۆيە لە زانكۆكاندا ڕێگە دەدرێت بەئەنجامدانى ڕاستكردنەوەو گۆڕانكارى ، بەمەرجێك كە جەوهەرى نەبێت و لەسەر هەندێك لەناونيشانى بەش وباسەكان بێت ، لەگەلّ ناوەڕۆكى بابەتەكەدا لێك نەدات ، ئەگەرنا هەر ڕاستكردنەوەيەك لە پێكهاتەى پلانەكەدا دەبێتە هۆى

گۆڕان لە ناوەڕۆکی بابەتەکەداو دواجار دەبێتەهۆی هەڵوەشاندنەوەی نەخشەی بابەتەکە بەتەواوی .وەلەم حاڵەتەدا پێویستە توێژەر بابەتێکی نوێی دی لەتەك پلانێکی نوێدا پێشکەش بە ئەنجومەنی کۆلێژ بکات بۆ بەدەست هێنانی ڕەزامەندی لەسەری .

هەنگاوی سێیەم : کۆکردنەوەی سەرچاوە:

ئەم هەنگاوە هاوکاتە لەگەڵ هەنگاوی ئامادەکردنی پلانی توێژینەوەکەدا . بەلام بەلێکۆلینەوەو بەدواداچوونێکی قوڵترو ئاگایی و شارەزایی فراوانترو گەڕانێکی زیاترو کۆکردنەوەو پەیداکردنی زیاتری سەرچاوەی پەیوەست بە توێژینەوەکەوە .

ئەم هەنگاوە لەم خالآنەی خوارەوەدا خۆی دەبینیتەوە :

١- کۆکردنەوەی سەرچاوەی پەیوەندیدار بە توێژینەوەکە : کە تیایدا توێژەر بابەت گەلی زۆرو چرووپڕ دەبینێتەوە کە خزمەت بەبابەتی توێژینەوەکەی دەکات .

٢ - کۆکردنەوەی سەرچاوەی پەیوەست بە دەستکەوتنی ماددی یان کۆنووسکردن (نوسینەوە) . ئەویش بە بەدەستهێنانی لە ڕێگەی کڕین یان خواستن و پۆلێن کردنیان لە کتێبخانەی ماڵەوەدا ، یان بەنوسینی ناوەکانیان لەکاتێکدا ڕاستەوخۆ دەست نەکەون ئەویش بە نوسینی ناوی کتێب یان سەرچاوەو ناوی نوسەرو ساڵ و چاپ و بەشی پەیوەندیدار بە بابەتی توێژینەوەکە لە پسولەی تایبەتدا .

٣ - کۆکردنەوەی ئەو سەرچاوە کۆنانەی کە زانیاری زۆرو بیرۆکەی ڕۆشن و ئاشکرایان تێدایە .

٤ – پەیداکردن و کۆکردنەوەی سەرچاوەی نوێ ، کە توێژەر تێیدا مەبەستەکەی خۆی دەبینێتەوە لە زانست و بیرۆکەی نوێ و بیردۆزەکان .

٥ – شارەزابوون لە دەستنووسەکان – واتە ئەو کتێبە کۆنانەی کەبەدەست نوسراونەتەوەو سامانێکی زانستی بەرچاوو بنچینەی زانستەکانی ئێستان . پێویستە توێژەرتەنها شارەزایی دەربارەی ئەو دەستنوسانە هەبێت کە پەیوەستن بەبابەتی توێژینەوەکەیەوە .

٦ – بەسەرکردنەوەی بلاوکراوە خولییەکان وەك : گۆڤارو رۆژنامەکان کە زۆرجا وتارو توێژینەوەی پەیوەندیدار بەبابەتی توێژینەوەکە بلاودەکرێتەوە تیایاندا .

٧ – بەسەرکردنەوەی بەلگەنامە رەسمیەکان – واتە بلاوکراوەو چاپکراوە حکومیەکان . ئەوانیش لە شێوەی راپۆرت یان سەرژمێری یان توێژینەوەدا بن ، سەرەرای بلاوکراوە ناحکومیەکان .

٨ – بەسەرکردنەوەی دایکی سەرچاوەکان – کەلەلایەن ئینسکلۆپیدیای جیهانییەوە بلاودەکرێنەوە هەرچەندە پەیوەندیشیان بە توێژینەوەکەوە نەبێت ، بەلام بەشداری دەکەن لەدروستکردنی توانستێکی رۆشنبیریدا کە هەموو توێژەرێك پیویستی پێیەتی بۆ فراوانکردنی توانا شیکاری و عەقلیەکانی ،لەو کتێبانەش : قورئانی پیرۆزو تفسیرو کتێبی فەرموودەو کتێبەکانی مێژوو زمان،......تاد .

٩ – سەیرکردنی سەرچاوە سەرەتاییە بنچینەییەکان – کە زانیاری و راستی بنچینەییان لەخۆگرتووەو پێشتر راڤە نەکراون لەوانەش :

أ – دەستنوسی بلاونەکراوە .

ب – یاداشتنامەی سەرکردەو زاناو روناکبیران .



ج – وتاری تایبەت .

د – ڕونکردنەوە.

ه – لێکۆڵینەوەکانی شوێنەوارو تابلۆو .....تاد.

و – کتێبی بەڵگەی سەرژمێری.

ع – کتێب و سەرچاوەی کۆن و نوی ی ڕاڤەنەکراو .

١٠ – سەیرکردنی سەرچاوە دووەمی یەکان ، کە ڕاڤەو شیکاری زانیاری سەرچاوە بنچینەیەکانی لەخۆگرتووە . ئەم سەرچاوانە بەشداری دەکەن لە ڕوونکردنەوەی زانیاری یە سەرەتایی یەکاندا . لەو سەرچاوانەش :

أ – کتێبی کۆن و نوی ی گواسترِاوەو ڕاڤەکراو ، وەك کتێبی وەرگێڕدراوو دەستنوس .

ب – ئینسکلۆپیدیای زانستی.

ج – ڕۆژنامە .

د – ڕاپۆرت.

ه – تێبینی ڕەخنەیی و هەڵسەنگاندنی کتێب و سەرچاوە .

و – زانیاری وەرگیراو .

هەنگاوی چوارەم : کۆکردنەوەی ماددەی زانستی:

لە گرنگترین هەنگاوەکانی ئامادەکردنی توێژینەوەیە ، کە بە(٥) شێوە ئەنجام دەدرێت ئەوانیش :

أ - خوێندنەوە.

ب - هەڵسەنگاندن و تاوتوێ کردن.

ج - کۆنوسکردن - نوسینەوە - .

د - وەرگرتنی زانیاری.

ه - تێبینی و ئەزموون.

أ - خوێندنەوە:

خوێندنەوە ڕێبازی لێکۆڵینەوەو بەدواداچوون دیاری دەکات . سەرەڕای ئەوەی هێنانەدی بەرچاوڕوونی لە بەرامبەر ڕەهەندەکانی بابەتی توێژینەوەکەو دیاریکردنی سنورەکانیو دواتر ڕونکردنەوەی بەش و بڕگەکانی و خستنەڕووی تێڕوانینەکانی دروست بن یان هەڵە ، هەمووی بە خوێندنەوە دێتەدی .

هەروەك خوێندنەوەش شێوازو هەنگاوو قۆناغی خۆی هەیەو دەتوانین هەنگاوەکانی خوێندنەوە لە کۆکردنەوەی مادەی زانستیدا بەم شێوەیە کورت بکەینەوە :

١ - **خوێندنەوەی خێرای پێڕست** : ئەویش بە چاوخشاندنی خێرا بەسەر پێڕستی کتێب و سەرچاوە گشتییەکاندا . وە دواتر توێژەر ناوی ئەو نەانە تۆمار دەکات کە پەیوەندیان بەباتەکەوە هەیە ، وێڕای نوسینی ناوی سەرچاوەو ناوی نوسەرو بەش و ناونیشان و ژمارەی لاپەڕە .



٢ - خوێندنـــەوەی پێڕســـتی سەرچـــاوەکانی ئینســـکلۆپیدیای پسپۆڕی: بەچاوخشاندنی خێـرا بەســەر پێڕسـتی ئـەو کتێبانـەی زۆر تایبــەتن و پەیوەندی توندو تۆڵیان بە توێژینەوەکـەوە هەیـە.وە ئـەم کتێبانـە خـاڵی دەســت پێکردنن بۆ هەر زانیاریەکی نوێ لە سەرچاوە نوێیەکاندا.

٣- خوێندنـــەوەی ســـەرەتایی کتێبـــە تۆمارکراوەکـــان :ئـــەویش بەخوێندنەوەیـــەکی ســـەرەتایی وخێـــرای ئـــەو بابەتانـــەی کـــە پەیوەنـــدیان بـــە توێژینەوەکەوە هەیە .

٤- خوێندنـــەوەی قـــووڵ: ئەمـــەش بـــۆ بابەتـــە پەیوەندیـــدارەکان لـــەو پەرتوکانەی کە پێشـــتر هەڵبـــژێردراون ،بـــەوردی و هێواشـــی و قوڵبوونـــەوە لـــە ڕەهەندو بیرۆکەو چەمکەکانیدا .

٥ - خوێندنـــەوەی تایبەتمەنـــدیی گشـــتگیر:ئـــەم خوێندنەوەیـــەش بـــۆ هەموو ئەو سەرچاوانەی کە پەیوەندیدارو تایبەتن بە بابەتەکانی توێژینەوەکـەوە . ئەویش تەنها بە خوێندنـەوەی پـەرتوکی کـۆن و نـوێ و بنچـینەیی و لاوەکـی پەیوەندیدار.

٦- خوێندنەوەی تایبەتمەندیی یارمەتیدەر: بۆ ئەو سەرچاوانەی کە پەیوەندی تایبەتمەندی (پسپۆڕی) یان بەبابەتی توێژینەوەکەوە هەیە، زانیاریـەکان یارمەتیـــدەرن لـــە بـــەهێزکردن و ڕوونکردنـــەوەو ئاســـانکردنی نـــاوەڕۆکی توێژینەوەکـــەو بابەتـــەکانی ، وەك بڵاوکـــراوەی خـــولیی و کتێبـــی بەڵگـــەیی ســـەرژمێری و ناســـاندنی کەســـایەتی ڕووداوەکـــان و کتێبـــی وەرگێـــڕدراوو هۆکارەکانی ڕوونکردنەوە، وەك نەخشەو بەڵگە جوگرافیەکان و هی دی .

٧ - **خوێندنەوەی ڕێکخراو:** ئەویش بە ڕێکخستنی کاتەکانی خوێندنەوە ، بەپێی کات و توانای هزری و لاشەیی توێژەر ، پێویستە توێژەر نەخوێنێتەوە لە کاتێکدا کە لە ڕووی فکری و جەستەیی‌یەوە ماندووە یان لەو کاتانەی کە تایبەتن بە پشوو کارکردن و پەرستش ......تاد .

٨ - **خوێندنەوە بە پێی شوێن:** دیاریکردنی شوێنی خوێندنەوە پەیوەندی ڕاستەوخۆی بە توێژەرەوە هەیە . وە پەسەندکردن لە نێوان خوێندنەوەی کتێبخانەو ماڵەوە یان لە نێوان کتێبخانەی تایبەت و کتێبخانەی گشتی . شتێکی ڕێژەیی‌یە لە توێژەرێکەوە بۆ توێژەرێکی دی یان لە کتێبخانەیەکەوە بۆ یەکێکی دی جیاوازە .

٩ - **خوێندنەوەی کتێبخانە:** توێژەر بە پێی پێویستی و بارودۆخی ماددی‌و دەروونی‌و ماڵی خۆی پشتی پێ دەبەستێت .وەهەروەها بەپێی بارودۆخی کتێبخانە لە ڕووی دەوڵەمەندی بەسەرچاوەی پێویست و کاتەکانی خوێندنەوە تیایداو ئەندازەی گونجانی لەگەڵ کاتی توێژەرداو بەپێی یاسای خواستن و خوێندنەوەش تیایدا.

١٠ - **خوێندنەوەی توێژینەوەی نوێ :** سەرەڕای خوێندنەوەی سەرچاوەی هەمەجۆر توێژەر پێویستی بە خوێندنەوەی ئەو توێژینەوە تازانە هەیە کەلە ئینتەرنێت وگۆڤارو ڕۆژنامەکاندا بڵاودەکرێنەوە . وە زۆرجار ئەم توێژینەوە نوێیانە بنەماو زانیاری سودبەخشیان تێدایە بۆ توێژەر .



ب - هەڵسەنگاندن و تاوتوێ کردن:

کۆکردنەوەی ماددەی زانستی بەهەمان شێوە لە ڕێگەی گفتوگۆ لەگەڵ کەسانی پسپۆڕو پەیوەندیدار بەبابەتی توێژینەوەکەوە ئەنجام دەدرێت . ئەویش بە گوێگرتنی ڕاستەوخۆ بۆیان و وتووێژکردن لەگەڵیاندا ، کەبەڕونکردنەوەی زارەکی دەبێت یان بەناردنی نوسراو.

١- ڕوونکردنەوەی زارەکی فێرکردن : ئەمیش لە ڕێگەی چاوپێکەوتنی مامۆستاو کەسانی پەیوەندیدار بەبابەتی توێژینەوەکەوە دەبێت. وەك: مامۆستای سەرپەرشتیاری نامەکە، بەشێوەیەك کە توێژەر گفتوگۆیان لەگەڵ دەکات و پرسیاریان ئاراستە دەکات و بەزارەکی وەڵامیان لێوەردەگرێت.

٢- ڕونکردنەوە بە نوسراو (بەنوسین): ئەمیش لە ڕێگەی ناردنی نوسراوەوەو بە شێوەیەك کە توێژەر ڕاستەوخۆ بە نوسراوی پرسیارەکانی دەخاتە بەردەست مامۆستای سەرپەرشتیار یان تایبەتمەند لە کتێبخانە یان بەپۆستدا بۆی دەنێرێت و دواتر توێژەر لەلایەن مامۆستاکەیەوە وەڵامەکانی بەدەست دەگاتەوە یان بەهۆی گەشتکردن یان هەر هۆکارێکی دی.

ج - نوسینەوە:

توێژەر هەڵدەسێت بە نوسینەوەی پێکهاتەو ڕستەو بابەتەکانی پەیوەست بە توێژینەوەکەیەوە . ئەویش بە نوسینەوەی وەك خۆی یان بە کورتکردنەوەو پوختەکردنی .

وە توێژەر دەگەڕێتەوە بۆ ئەو سەرچاوانەی کە پێشتر کۆی کردونەتەوەو پەیوەندیان بە توێژینەوەکەوە هەیە .و هەڵدەسێت بە خوێندنەوەیبابەتە

دیاریکراوەکـان و پاشـان تۆماریـان دەکـات ،بەنوسـین یـان بەوێنـەگرتن .
وەتۆمارکردنیش بەنوسین لە ڕێگەی نوسینەوەی بابەتەکـە بەتـەواوی وەك خـۆی
یان گواستنەوەی بە کورتکراوەیی یان بە پوختەکردنی بیرۆکەو پێکهاتـەکانی بـە
دارشتن و شێوازی توێژەر .

وەبەشێوەیەکی گشتی زانیاریەکان لەسەر پسولە یان لـەسەر پـەڕەی ئاسـایی
ناو دۆسیەی تایبەتدا دەنوسرێنەوە .

١- **نوسینەوە لەسـەر پسولە** : پسـولە بریتی‌یـە لـە پارچـەیەك کاغـەزی
مقەبا . کەدەشێت هێڵدار بێت بە درێژی ١٠سم و پـانی ١٤سـم ، وەزۆر جـار
پسولەکان هەمان قەبارەو ڕەنگیان هەیە یان هەر بەشـەو ڕەنگـی تایبـەتی خـۆی
هەیـە. پسـولەکان بـەپێی ژمـارەی بەشـەکان دابـەش دەکـرێن بەچـەند
کۆمەڵەیەکـەوە، وە هـەر کۆمەڵەیـەك زانیـاری تایبـەت بەبەشـێکی تێـدا تۆمـار
دەکرێت . وەلـەیەکێك لـەتەنیشتەکانی پسولەکەوە ئەم زانیاریانە دەنوسرێت :

- ناوی نوسەرەکە بەتەواوی .
- ناونیشانی پەرتوکەکە بەتەواوی .
- ناوەندی بلاوکردنەوە(بلاوکەرەوە) شوێن و مێژووی بلاوکردنەوە .
- ڕونکردنەوەی بەش ،و بەرگ ،و لاپەڕەکان .

وە سەبارەت بە گۆڤارەکان ساڵ مانگ، ڕۆژ ،و ژمارەی لاپەڕە دەنوسرێت .
دەربارەی بلاوکراوەی خولی : ساڵ ،مـانگ ،ڕۆژ ، بـەرگ ،و ژمـارەی ئـەو
لاپەڕەیەی کە وتارەکەی تێدایە دەنوسرێت .

بەشێوەیەکی گشتی یەك پسولە تایبەت دەکرێت و بابەتەکانی یەك سەرچاوەی
تێدا دەنوسرێت . خۆ ئەگەر بابەتەکانی ئەو سەرچاوەیە زۆربوون ئەوا زیـاتر لـە
پسولـەیەك بەکاردەهێنرێت .

٢- نوسینەوە لە دۆسیەدا: دۆسیە بریتی‌یە لەبەرگێکی مقەبا کە کۆمەڵێك پەڕەی قەبارە ئاسایی جێگیرکراوی تێدایە

وەبەشێوەیەکی گشتی یان دۆسیەیەك تایبەت دەکرێت بۆ هەر بەشێك بەباسەکانیەوەو بەڕەنگی جیاواز . وەیان یەك دۆسیە دادەنرێت بۆ هەموو توێژینەوەکە .

توێژەر لە کۆکردنەوەی ماددە زانستی‌یەکەدا هەڵدەسێت بە تۆمارکردنی هەر شتێکی پێویست کە لەدوور یان نزیکەوە پەیوەندی بەبابەتی‌توێژینەوەکەوە هەبێت . دواتر جیایان دەکاتەوەو ئەوە هەڵدەبژێرێت کە پەیوەندی توندوتۆڵی بە بابەتی توێژینەوەکەوە هەیە ، دابەشی‌دەکات بەسەر بەش وباسەکاندا هەریەکەو لەژێر ناونیشانی گونجاودا. وە دەبێت ئەوەشمان لەیادنەچێت کەچەمکی کۆکردنەوەی ماددەی زانستی تەنها گواستنەوەی ڕاستەوخۆی بابەتەکە ناگرێتەوە ، بەڵکو هەندێك جار کورتکراوەوپوختەکراوو تێڕوانین و بیرۆکەش دەگرێتەوە. کە داڕشتنی هەریەکەیان بۆ توێژەر بەجێ دەهێڵرێت .

توێژەر هەوڵ دەدات پەیوەندی بەردەوامی بەسەرچاوەکانەوە هەبێت ، بۆ تەواوکردنی دەقی ماددە زانستی‌یەکە ، تا لەکۆتاییدا ماددەیەکی زانستی گەورە کۆدەکاتەوە کە دەبێتە باکگراوندێکی ماددی زانستی کە توێژەر لە داڕشتنی توێژینەوەکەدا پشتی پێ دەبەستێت .

د - زانیاری وەرگرتن:

یەکێکە لە هۆکارەکانی کۆکردنەوەی ماددەی زانستی کەلە هەنگاوی دارشتنی توێژینەوەکەدا سودیان لێوەردەگیرێت بەوەی کەئەم زانیاری‌یە وەرگیراوانە لەلایەن توێژەرەوە بەکاردەهێنرێن لەکاتی دارشتنی توێژینەوەکەدا بە شێوازی خۆی . لەگەڵ ئەوەشدا ئەم زانیاری‌یە وەرگیراوانە بە ئاسانی جیادەکرێنەوە لە دەربرین و شێوازی توێژەر . وەهەموو توێژەرێك پێویستی بە وەرگرتنی زانیاری هەیە تەنها توێژینەوەی مەیدانی نەبێت ، کەلەوەو پێش لەبارەیەوە نەنوسراوە .

شێوەکانی وەرگرتنی زانیاری :

١ - **زانیاری وەرگرتن لە کتێب :** لە نوسراوو گۆڤارو بلاوکراوەی خولی کۆن و نوێ .

٢ - **وەرگرتنی زانیاری بیستراو :** لە کۆباس و وتوێژە زانستی‌یەکاندا .

٣ - **لێوەرگرتنی راستەوخۆ :** بە گواستنەوەی راستەوخۆی رستەو دەستەواژە لە نوسراوی کەسانی تر ، بەمەرجێك لەلاپەرەیەك زیاتر نەبێت .

٤- **وەرگرتنی زانیاری پوختەکراو :** ئەویش بە گواستنەوەی مانا لەنوسراوی کەسانی ترەوە بەبێ وەرگرتنی راستەوخۆی وتەو دەستەواژەکان و،دارشتنەوەیان بە شێوازی توێژەر خۆی ،ئەوەش لەکاتێکدا کە زانیاری‌یە وەرگیراوەکە لە لاپەرەیەك زیاتر بێت .

مەرج و ڕێساکانی وەرگرتنی زانیاری : ١

١ – کورت بێت ، باشتروایە لە لاپەڕەیەك تێپەڕ نەکات.

٢ – تادەتوانرێت بەشە وەرگیراوەکە تێکەڵ بە دەقەکە بکرێت تا بەدوایەکدا هاتن و ڕیزبەندی لۆژیکی تێدا بێتەدی .

چونکە وەرگرتنی زانیاری تەنها کۆکردنەوەی زنجیرەیەك لەڕستەو دەستەواژەو قسەی خەڵکی نیە . وەتوێژەری بە توانا ئەو کەسەیە کە دەتوانێت زانیاری وەرگیراو بەوتە یان بەمانا لەناو شێوازەکەی خۆیداو لەداڕشتنەوەی بیرۆکەکانی توێژینەوەکەدا بەکاربهێنێت . تا بتوانێت کەسێتی خۆی لەتوێژینەوەکەدا دەربخات .

٣ – ئاماژەکردن بۆ سەرچاوەی زانیارییە وەرگیراوەکە:

بەتایبەتی لە کارە فکری و هونەریەکاندا وەلەهەر لێوەرگرتنێکدا ناوی نوسەرەکە بهێنێت . وە ئاماژە بەسەرچاوەی لێوەرگرتنەکە بکات لە پەراوێزی خوارەوەی لاپەڕەکەدا، ژمارە یان هێمایەکی دیاریکراوی بۆ دابنێت . ئەو زانیاریانەی دەربارەی سەرچاوە دەنوسرێت ئەمانەن :

ناوی نوسەر، ناونیشانی کتێب ، شوێنی چاپ ،ناوی ناوەندی بڵاوکردنەوە،ژمارەی چاپ و مێژووەکەی،وبەش و لاپەڕەکەی .بەڵام ئەوەی پەیوەندی بە بڵاوکراوەی خولییەوە هەیە بریتییە لە : نوسینی ناوی نوسەر ، ناونیشانیوتار ،ناوی بڵاوکراوەکە بەهێڵ بەژێرداهێنراویو شوێنیچاپ لەنێوان دووکەوانەدا ژمارەی دانە یان بڵاوکراوەو مێژووی دەرچوون و ژمارەی دوو لاپەڕەی یەکەم و کۆتایی ئەو وتارەی زانیاریەکەی لێ وەرگیراوە .

٤ – دانانی نیشانەی زانیاری وەرگرتن وەك دووکەوانە (( )) کەپێش زانیارییە وەرگیراوەکەو لە کۆتاییەکەیدا دادەنرێت . وە لەکاتی باسکردنی

زانیاری وەرگیراودا پێویستە زانیاری وەرگیراوی دووەم نیشانەی جیاکراوەی هەبێت لە وەرگیراوی یەکەم ،ئەگەر زانیاری وەرگیراو لە ٦ دێڕ تێپەڕی نەکرد ئەوا لە نێوان کەوانەدا دەنوسرێت .

بەلام ئەگەر لە ٦ دێڕ تێپەڕی کرد بۆ لاپەڕەیەك ، ئەوا بەکەوانە جیاناکرێتەوە ، بەلْکو بە جیاکراوەیی دادەنرێت ئەویش بەوەی بۆشاییەك بەجێ دەهێلْدرێت لە نێوان بەشی یەکەمی زانیارییە وەرگیراوەکە فراوانتر لە پەراوێزی ئەو دێڕانەی کەوەرنەگیراون ، وە بۆشایی لە نێوان دێڕەکانیدا کەمتر بێت لە بۆشایی نێوان دێرە ئاساییەکان . وەلەکاتی چاپ کردندا پیتەکانی زانیارییە وەرگیراوەکە لە پیتەکانی تری نوسینەکە بچوکتر دەبن. بەلام ئەگەر زانیاری وەرگیراو لەیەك لاپەڕە تێپەڕی کرد ئەوا نابێت ڕاستەوخۆ وەك خۆی بنوسرێتەوە ، بەلْکو ماناکەی وەردەگیرێت . واتە داڕشتنەوەی بە شێوازی توێژەرو کورتکردنەوەی ناوەڕۆکی زانیاری وەرگیراو وێڕای ئاماژەکردن بەو سەرچاوەیەی کەلێوەی وەرگیراوە .

٥- بنچینەیی سەرچاوەکان : واتە ئەو سەرچاوانەی کە زانیارییان لێوەردەگیرێت بنچینەیی یان سەرەتایی بن و دانەرەکەیان شارەزایی هونەری و زانستی گەورەی هەبێت لە نوسینی کتێب یان بلاوکردنەوەی توێژینەوەدا ....تاد .

٦- لەکاتی زیادە خستنەسەر زانیارییە وەرگیراوەکە پێویستە ئاماژە بەو بەشە یان ڕستەی زیادکراوبکرێت ئەویش بە دانانی لە نێوان دووکەوانەدا بۆ جیاکردنەوەی لە زانیارییە وەرگیراوەکە .

٧- لەکاتی لابردنی بەشێك لە زانیاری‌یە وەرگیراوەکە پێویستە ئاماژەی پێ بکرێت ئەویش بە دانانی سێ خاڵی ئاسۆیی یەك لەدوای یەك لەشوێنی لابراوەکەدا بەم شێوەیە (...).

٨- ڕاستگۆیی‌و وردەکاری لەگواستنەوەی‌زانیاری وەرگیراودا .

٩- پابەندبوون بە بنەماکانی مۆڵەت دان بە بڕی زانیاری وەرگیراو . جائەگەر لێوەرگرتنەکە لە سنوری ٣٠٠ وشەدا بوو ئەوا پێویستی بە مۆڵەتی خاوەنەکەی نی‌یە ، بەلاَم ئەگەر لەوە زیاتر بوو ئەوا مۆڵەت وەرگرتن پێویستە .

٥ - تێبینی و ئەزموون :

تێبینی: واتە ڕۆچوون لە دیاردەیەك یان بیرۆکەیەکدا یان پەیبردن بە شتێك یان دیاردەیەك لە ڕێگەی وەسف کردنیەوە .بەدەبڕینێکی دی واتە بەکارهێنانی هەست و بینایی لە دەرککردنی ڕاستیەك یان باسکردنیدا . تێبینی واتە ڕازی نەبوون بە ڕاستی‌و دیاردەی دیارو ڕوکەش و مانای سەرەتایی لە کۆکردنەوەی ماددەی زانستیدا،بۆ گەیشتن بەمانای دووری بیرۆکەو ڕاستی‌یە زانستی‌یەکان کە یارمەتی توێژەر دەدات لەگەشەپێدانی توانا فکری‌و لێهاتووی‌یە عەقلی‌یە ناوازەکانیدا ، کە دەتوانێت لە دۆزینەوەی ڕاستی نوێدا بەکاربهێنرێت و سودمەند بێت لە توێژینەوەکەدا .

پێویستە ئەوەشمان لەیادنەچێت کە توانایی تێبینی کردن ڕێژەیی‌یەو جیاوازە بە جیاوازی ئاستەکانی زیرەکی لای تاکەکان . بەلاَم

ئەزموون : واتە ئەو شارەزایی‌یانەی کە ڕوناکبیر یان توێژەر بە تێبینی و هۆشیاری بەدەستی دەهێنێت ، وێڕای ئەو شارەزایی‌یانەی کە توێژەر پشتیان پێ دەبەستێت لە نزیکبوونەوەی ڕاستی‌یە زانستی‌یە نوێیەکاندا .

شێوازی تێبینی و ئەزموون جێبەجێکردن و شوێنکاری خۆی هەیە لە زۆربەی زانستەکاندا .ڕەنگە زانستە کردارییەکان زیاتر مەیدانی تێبینی و ئەزموون بێت : وەك گەردوونناسی ، کیمیا ، پزیشکی ، فیزیا ...تاد .

کەواتە شێوازی تێبینی و ئەزموون دەبێتە باکگراوندو بنەمای داهێنانکاری لای توێژەر. لەو تێبینی و ئەزموونەکانی دەتوانێت بیرۆکە یان چەمك یان مانایەك دابهێنێت .



هەنگاوی پێنجەم : دارشتنی توێژینەوەکە:

ئەمەش لـە گرنگترین و کۆتـا هـەنگاوی ئامـادەکردنی توێژینەوەیـە دوای هەنگاوی کۆکردنەوەی مادە زانستیەکە . بـەم هـەنگاوە توێـژەر توێژینەوەکـەی دادەرێژێت ، لە شـێوەی کۆتایـدا دەینوسـێت کـە ڕاوبۆچـوونە نوێیـەکانی و شیکارە قوڵەکانی تێدا ڕەنگ دەداتەوە ، وە لەمیانەی خستنەڕووی تواناییەکانی لە دەربڕین و شێوازدا کەسێتی زانستی خۆی دەسەلمێنێت لە سەربەخۆیی بـوونی لە توێژینەوەکەیدا ، هەنگاوەکانی دارشـتنی توێژینـەوە لـە پـەیڕەوکردنی چـەند بنەمایەکی گشتیدا دێتەدی لەوانەش :

١- توێژەر ئەو ماددە زانستییەی کە کۆی کردوەتـەوە لـە پسـوڵە یـان لـە دۆسیەدا لەبەردەم خۆیدا دابنێت .

٢- توێـژەر بابـەت بەبابـەت یـان بڕگـە بـە بڕگـە ئـەو مادەیـە بـەئاگاهی و لەسەرخۆیی بخوێنێتەوە ، وە بەباشی لە بابەتەکـە تێبگـات و ئاگـای لـە بیرۆکـە سەرەکیەکانی بێت.

٣ - توێـژەر بـە شـێوازو دەربـڕین و ڕسـتەو وشـەی خـۆی ئـەوەی کـە خوێندویەتیەوەو ئەوەش لە مێشکیدا گەڵاڵە بووە لە بیرۆکە دەربڕێت.

٤- پێویستە توێژەر ڕەچاوی جوانی شێوازو شیرینی دەربـڕین و ئاسـانیەکەی بکات . واتە ڕوون و وردەکار بێت لە دەربڕیندا ، وشـەی گونجـاو لـە شـوێنی خۆیدا دابنێت تا بەڵگە بێت لەسەر ماناکانی.

٥ - پێویستی بەکارهێنانی زمانێکی پاراو ، واتە زمانێکی هاوچەرخ ونزیك لە بیروهۆش و ئاسان بۆ تێگەیشتن وێڕای بەکارنەهێنانی وشەو دەسـتەواژەی بیـانی

مەگەر لەکاتی پێویستدا نەبێت وەك زاراوەکان و، دورکەوتنەوە لەهەڵەی نوسین و ڕێزمانی .

٦ – وردەکاری لە دەربڕینداو خستنەڕووی ڕاستیەکان بە ڕوونترین و کەمترین وتە دوور لە ئاڵۆزیو شاراوەیی.

٧ – دورکەوتنەوە لەدووبارەکردنەوەی دەستەواژەو وتەو مانا. ئەمەش بۆ یەك بیرۆکە یان یەك کارو لەزیاتر لەشوێنێکدا.

٨ – کەمکردنەوەی زانیاری وەرگیراوی دیارو بەناوبانگ لە نمونەو شیعرو وتەی بەنرخ.

٩ – دورکەوتنەوە لە زیادەڕەوی و توندی لە ڕەخنەی ڕوخێنەر دژی کەسانی تر یان زیادەڕەوی لە پیاهەڵدانی خودو خراپ باسکردنی کەسانی تر . ئەمەش پێویستی بەدوورکەوتنەوەیە لەبەکارهێنانی وشەو ڕاناوی پیاهەڵدان . وەك بەبۆچوونی من ، ئێمە ....تاد.

١٠ – بابەتی بوون لە نووسینداو بەشێوازی بابەتی بۆ خودی توێژەرو کەسانی تر . ئەویش بەدورکەوتنەوە لەبەکارهێنانی بێژەی سوکایەتی پێکردن و گاڵتەجاڕی و گاڵتەکردن بە زانست و شێوازی کەسانی تر.

١١ – دەرخستنی کەسێتی توێژەر لە توێژینەوەکەدا کارێکی پێویستە ،بۆ پاڵپشتی سەربەخۆیی توێژەر لە داڕشتن و توانای لەسەر نوسین و زاڵبوونی بەسەر پێکهاتەکانی بابەتەکەیدا . هەموو ئەمانەش خۆی لە ڕاوبۆچوون و تێبینی و ڕەخنەو گێڕانەوەو دروستکردنی هەڵوێست و بیرۆکەی زانستی کۆن و نوێی توێژەردا خۆی دەبینێتەوە .

١٢ – پێویستە زیادەڕەوی نەکرێت لە گواستنەوەو وەرگرتنی زانیاریدا تا توێژینەوەکە نرخی زانستی خۆی لەدەست نەدات

١٣ – پێویستە هەر بەشێك بە پێشەکی دەست پێبکات . پێش چوونەناو ناوەڕۆکی دارشتنەکە .وەبە کۆتایی‌یەکی کورتیش بەپایان بگەیەنرێت کە تێیدا توێژەر پوختەی بەشەکەو ڕاوبۆچوونەکانی دەربارەی بیرۆکەی بەشەکە دەخاتەڕوو.

١٤ – دەتوانرێت گۆڕانکاری لە بابەتی گواستراوەو وەرگیراودا بکرێت . بە زیادکردنی تازە لەناویداو لەنێوان دوو کەوانەدا .یان بەلابردنی کۆن و دانانی سێ خاڵی ئاسۆیی لە شوێنی بڕگە یان ڕستەی لابراودا .

١٥ – دورکەوتنەوە لە شتی بێ سود لەداڕشتندا وەك درێژبڕی بێ ئاکام .

هەنگاوی شەشەم : پێڕستکردنی سەرچاوەکان :

واتە تۆمارکردنی ئەو سەرچاوانەی کە توێژەر پشتی پێ بەستووە ، لەئامادەکردنی توێژینەوەکەدا ، جا سودی لێ وەرگیرا بێت یان نە ، ڕووبەری سود لێوەرگرتن تیایدا زۆربێت یان کەم .

ڕێگەی ڕێکخستنی سەرچاوەکان :

ڕێگەی یەکەم : نوسینی سەرچاوەکان لە کۆتایی هەر بەشێکدا .

ڕێگەی دووەم : نوسینی هەموو سەرچاوەکان لە کۆتایی توێژینەوەکەدا .

١– نوسینی سەرچاوەکان لە کۆتایی هەربەشێکدا :

واتە کۆنوسکردنی سەرچاوەکانی بەشێك لە کۆتایی‌یەکەیدا . بەشێوەیەك کە هەر بەشێك بە باسەکانی‌یەوە سەربەخۆ دەبێت . لە خراپی ئەم ڕێگەیە پارچەبوونی سەرچاوەی پەرتوکەکەیە لە نێوان بەشەکانیدا . کەئەمەش

قورسایی‌یەك دروست دەكات لەسەر توێژەر یان خوێنەر لەكاتی گەڕانەوەی بۆ ئەم سەرچاوانە .

٢- نوسینی هەموو سەرچاوەكان لە كۆتایی توێژینەوەكەدا :

لەم ڕێگەیەدا توێژەر یان خوێنەر بەئاسانی دەگەڕێتەوە بۆ سەرچاوەكان .

بنەماكانی ڕێكخستنی سەرچاوە :

١ - نوسینی سەرچاوەكان بە ڕێكوپێكیو دەست پێكردن بە ناوی نوسەر یان ناونیشانی پەرتوك . وە باشتر وایە بەناوی نوسەر دەست پێ بكرێت .

٢- نوسینی ناوی دانەرو لەدوایەوە دوو خاڵ (:) .

٣- نوسینی ناونیشانی پەرتوكەكەو لە دوایەوە ئەم نیشانەیە (-) .

٤- ژمارەی چاپ و لەدوایەوە (-) .

٥- ناوەندی بلاْوكردنەوەو لەدوایەوە (-) .

٦- ساڵی بلاْوكردنەوەو لەدوایەوە فاریزە (،) .

٧- ئەگەر پەرتوكەكە بەبێ ژمارەی چاپ بلاْوكرابویەوە ئەوا ژمارەی چاپ و بەرگ نانوسرێت .

٨-ئەگەر كتێبەكەبەبێ ناوی بلاْوكەرەوە دەرچووبوو ئەوا لە نێوان دووكەوانەدا دەنوسرێت (بەبێ بلاْوكەرەوە) .

٩- ئەگەر كتێبەكە بەبێ بەروار دەرچووبوو ئەوا لە نێوان دووكەوانەدا دەنوسرێت (بەبێ بەروار) .

١٠- ئەگەر كتێبەكە لە میانەی زنجیرەیەكدا دەرچووبوو ، ئەوا ناوی دانەر پاشان ناونیشانی كتێبەكە پاشان ژمارەی كتێبەكەو ناوی زنجیرەكە دواتر ژمارەی

چـاپ و لــە كۆتايــدا نــاوی ناوەنــدی بلاّوكــەرەوەو ســالّی بلاّوكردنــەوە دەنوسرێت .

١١- ئەگەر كتێبەكـە لەلايـەن دەسـتەيەكەوە دەرچـووبوو ئـەوا ناونيشـانی كتێبەكە پاشان دەستەكەو دواتر زانياريەكانی تر دەنوسرێت .

١٢- ئەگەر كتێبەكە وەرگێڕاو بوو ، ناوی دانەر پاشان ناونيشـانی كتێـب ، پاشان ناوی وەرگێرو دواتر زانياريەكانی تر دەنوسرێت .

١٣- ئەگەر كتێبەكـە دوو دانـەری هـەبوو ئـەوا نـاوی هـەردوو دانەرەكـە دەنوسرێت .

١٤ – پێويستە ناوی نوسەر (دانەر) بەو شێوەيە بنوسرێت كەلەسەر كتێبەكە نوسراوە ، وەهەروەها نازناوەكەی وەك : دكتۆر يان مامۆسـتا يـان پرۆفيسـۆر ، ...تاد .

١٥- دەتوانرێت بەناوی يەكەمی دانەر يان بەناوی خێزان دەست پێبكرێت و باشتر وايە دەست پێكردن بەناوی يەكەم بێت.

١٦- ئەگەر سەرچاوەكە وتارێك بوو لەيەكێك لە بلاّوكـراوە خولیيەكانـدا ئەوا ناوی بلاّوكراوەكەو دەرخستنی ئەويش بە دانانی هێلّ لە ژێريدا يان نوسينی بـە شـێوەيەكی ڕوون و ئاشـكرا . وەنـاوی وتارەكـە لــە نێـوان دوو كەوانــەدا دەنوسرێت و پاشـان زانياريـەكانی تـری وەك : دانـەرو سـالّ و ژمـارەی دانـەو مێژووی دەرچوون و پاشان ژمارەی لاپەڕە دەنوسرێت .

١٧- ئەگەر نوسەری وتارەكە لەناو بلاّوكراوە خولیيەكـەدا نـاوی نـەبوو ، ئەوا زانياريەكانی دی دەنوسرێت .

١٨- ئەگەر کتێبەکە بە زمانی بیانی بوو ، ئەوا زانیاریەکان لەبارەیەوە بە زمانی بیانی دەنوسرێت و لەچەپەوە بۆ ڕاست و ناوی دانەرو ناونیشانی کتێب پاشان زانیاریەکانی دی دەنوسرێت .

١٩- ئەگەر نوسەرێك زیاتر لە کتێبێکی هەبوو ئەوا ناوی هەموو کتێبەکانی ڕاستەوخۆ لە دوای ناوی خۆی دەنوسرێت و هەر کتێبەو ژمارەی تایبەتی خۆی پێ دەدرێت .

ڕیزکردنی سەرچاوەکان :

١-ڕێکخستنی سەرچاوەکان بە پیِّی ئەلف بیّ و دەست پێکردن بەناوی نوسەر یان دانەر .

٢-یان ڕێکخستنی سەرچاوەکان بە پیِّی ئەلف بیّ و دەست پێکردن بەناوی کتێبەکان.

٣-ڕێکخستنی سەرچاوە گشتی و گرنگەکان بە پیِّی ئەلف بیّ و لەپێشینەیی .

٤-ڕێکخستنی سەرچاوەکان بە پیِّی ئەلف بیّ و دەست پێکردن بەناوی کتێبی کۆن پاشان کتێبی نویّ .

٥-ڕێکخستنی بلاّوکراوەکان بە پیِّی ئەلف بیّ و لە لاپەڕەیەکی سەربەخۆداو جیاواز لە کتێبەکان .

٦-ڕێکخستنی کتێبە بیانیەکان بە پێی ئەلف بیّ و لە لاپەڕەی سەربەخۆدا جیا لە کتێبە کوردیەکان.

نوسین لە پەراوێز (پاشکۆ) دا :

ئەمەش هەنگاوێکی گرنگە بۆ پتەوکردنی توێژینەوەکە ، لەڕووی دەستەبەری سود یان سپاردەی زانستیەوە .

بەشێوەیەکی گشتی پاشکۆ لە پەڕاوێزی خوارەوەی لاپەڕەکەدا دەنوسرێت ، بە پێچەوانەی ئەو پاشکۆیەی پێشوو کەلەسەر تەنیشت و لە نێوان دێڕەکاندا دەنوسرا. وە بنەماکانی پاشکۆ نوسین لە پەڕاوێزدا ئەم بارانەی خوارەوە دەگرێتەوە :

١ – لەکاتی بەڵگە هێنانەوە بەئایەتەکانی قورئان . ناوی سورەتەکەو ژمارەی ئەو ئایەتە دەنوسرێت کە بە بەڵگە هێناویەتیەوە .

٢– بەڵگەهێنانەوە بەفەرموودەکانی پێغەمبەر . لێرەوە ئاماژە بەسەرچاوەی فەرمودەکە یان گێڕەرەوە یان وشەی

(متفق علیە یان صحیح) دەکرێت .

٣– ناوبردنی سەرچاوەکە لە کاتی گواستنەوەی بابەتێکدا وەك خۆی بەشێوەیەك کە دێڕە گواستراوەکان لە نێوان دوو کەوانەدا دەنوسرێن و لەسەر کۆتا وشە هێمایەك بەژمارە یان بەشێوەیەکی دیاریکراو دەنوسرێت و هەمان هێما لە پەڕاوێزدا دوبارە دەکرێتەوە بۆ ئاماژەکردن بەسەرچاوەکە .

وەئەگەر سەرچاوەکە بۆ یەکەم جارە لە پەڕاوێزدا بنووسرێت ئەوا پێویستە هەموو زانیاریەکان لەبارەیەوە بەتەواوی بنوسرێتەوە : وەك ناوی دانەرو ناونیشانی پەرتوك و بەش و ژمارەی چاپ و بلاَوکردنەوەو ساڵ و وڵات ولاپەڕە، بەڵام ئەگەر ناوبردنی سەرچاوەکە دووبارەبوو ئەوا تەنها ناوی دانەرو ناونیشانی پەرتوك و ژمارەی لاپەڕە دەنوسرێتەوە .

بەلام ئەگەر دووبارەبوونەوەکە ڕاستەوخۆ دوای ناوبردنی سەرچاوەکە بوو لە بڕگەی پێشوتردا ئەوا تەنها دەنوسرێت : سەرچاوەی ئاماژە پێکراوی پێشوو.

٤- ناوبردن یان باسکردنی ئەو سەرچاوانەی کە پەیوەندیان بە بیرۆکە یان بەشێکی هاتووەوە هەیە لە یەکێك لە لاپەڕەکانی توێژینەوەکەدا . توێژەر بۆ پرسین لەبارەیانەوە ئاماژەی پێ دەکات .

٥- باسکردنی ڕوونکردنەوەو لێکدانەوەی ئەو بیرۆکە گشتی و ئالۆزانەی کەلە توێژینەوەکەدا هاتوون و زیادکردنی مەرجی پێویست بۆ ڕوونکردنەوەی دەقی نامەکە .

٦- باسکردنی ئەو توانجانەی کەلەسەر بیرۆکەو چەمك و بیردۆزەکانی ناو توێژینەوەکە هاتوون .

٧- ڕاڤەی ئەو ناوە زانستی و هونەریانەی کەلە توێژینەوەکەدا هاتوون .

٨- کورتەی ژیننامەی ئەو ناوە ناسراوو کەسایەتیانەی کەلە توێژینەوەکەدا خراونەتەڕوو .

٩- هەواڵەکردن بۆلای ئەو بیرۆکەو بەش و خاڵ و بیردۆزانەی کە پێشتر لەبەشێکی تری توێژینەوەکەدا هاتوون لەگەڵ ناوبردنی ژمارەی لاپەڕەکەی .





کورتکردنەوەکان :

ئەمەش پەیوەستە بەو وتەو وشەو زاراوەو دەربڕینانەی کە دووبارەدەبنەوە لە توێژینەوەکەدا . وە ڕێککەوتن هەیە لەسەر کورتکردنەوەیان و پێدانی هێمای تایبەت بەهەریەکەیان کە پێی دەناسرێتەوە . وە پێویستە توێژەر ئەم کارە ئەنجام نەدات ئەگەر بەکارهێنانی باو نەبێت .

هێماکانی ڕەنوسکردن :

ئەم هێمایانە یارمەتیدەرن لەسەر تێگەیشتن و زانینی مەبەست لە وتەو ڕستەکان ، بەهۆیانەوە توێژەر مادده زانستی‌یەکە دادەڕێژێتەوەو دەتوانین بەم شێوەیەی خوارەوە شوێنی هێماکانی ڕەنوسکردن ڕوون بکەینەوە :

١-خاڵ (.) لەکۆتایی ڕستەی پڕواتادا ، وە دوای تەواوبوون یان کۆتایی هاتنی قسە دادەنرێت ، وەك : ژیان لە سایەی قورئاندا گەورەترین هەنگاوی سەفەرو جوانترین چرککەکانی تەمەنە .

٢-دوو خاڵی ستونی (:) کەلەم بارانەدا دادەنرێت :

أ- لەنێوان ڕستەی ئاخاوتن و گوتەدا .

ب- لەنێوان بابەتێك و بەشەکانیدا .

وەك : زانکۆی سلێمانی پێکهاتووە لە : کارگێڕی و کۆلێژ و کتێبخانە ...تاد .

ج- لەکاتی نمونە هێنانەوەدا .

وەك : هێماکانی ڕەنوسکردن زۆرن لەوانە (وەك) : خاڵ ، جیاکەرەوە (کۆما) ، کۆماوخاڵ .

٣- جیاکەرەوە (،) کەئەمە شوێنەکانیەتی :

أ- دوای بێــژەی بــانگهێن .وەك: دادپــەروەران ، لــە قســەکردندا داد بەکاربهێنن .

ب- لەنێوان ئامرازی لێکدەرو لێکدراودا.

نمونە / زۆر کەس هەن ڕۆژی چەند جار دەموچاویان دەشۆن ، کەچی ساڵێ جارێك دڵیان ناشۆن .

ج- لەنێوان ڕستەی مەرج و ڕستەی وەڵامدا .وەك : ئەگەر بخوێنیت ، دەردەچیت .

د- لەنێوان سوێندو وەڵامدا . وەك : سوێند بەخوا ، لێت دەبورم .

٤- جیاکەرەوەو خاڵ (خاڵ و کۆما) و شوێنەکەی : لەنێوان دوو ڕستەدا کە دووەمیان هۆیە بۆیەکەم وەك :

لەبەزەیی خوا بێ ئومێد بوو " لەبەرئەوەی بێ باوەڕە .

٥-نیشانەی پرسیار (؟) و شوێنەکەی کۆتایی ڕستەی پرسیارە .

٦-نیشانەی سەرسوڕمان (!)شوێنی کۆتایی سەرسوڕمان ، یان دڵتەنگی، یان شادی ....

وەك : ئاسمان چەند جوانە !

٧-(-) و شوێنەکەی :

أ- لەبری دووبارەبونەوە بۆ ئەو ناوانەی کە لە گفتۆگۆ یان لە چیرۆك، ...دووبارە دەبنەوە .

وەك : چیا بە دەریای وت : کەی ئامادە بوویت ؟

-دوێنێ .

-چیت لەگەڵ خۆت هێنا .

-هەموو ئەو شتانەی کەداوات لێکردم .

ب- لە نێوان ژمارەو ژمێردراودا ئەگەر لەسەرەتای دێڕدا بوو .

وەك : یەکەم - یان ١-

دووەم - ٢-

٨ - (- -) شوێنیان لە پێش وە دوای ڕستە.

٩ - کەوانە ( ) یان (( )) یان[ ] وە شوێنیان بەم شێوەیەیە :


ا-(( )) لە نێوانیاندا ئەو ڕستەیە دادادەنرێت کەوەك خۆی لە پەرتوکی کەسانی ترەوە وەرگیراوە .

ب-دووکەوانەی بچوك :( ) لە نێوانیاندا دەستەواژەی لێکدانەوەو پاڕانەوەی کورت دادەنرێت .

وەك: (درودی خوای لیّ بێت) .

ج- دووکەوانەی گەورە:[ ] لەنێوانیاندا هەر زیادە یان خستنەسەرێك دادەنرێت کە توێژەر دەیخاتە ناو دەقێکی گواستراوە یان وەرگیراوەوە.

١٠- نیشانەی لابردن (...)ئەم سیّ خالّە ئاسۆی‌یە لە شوێنی لابراوێك لە بەشێکی وەرگیراودا دادەنرێت .



باسی پێنجەم

ڕێکخستنی توێژینەوەکە

ڕێکخستنی توێژینەوەکە :

ڕێکخستنی گشتی توێژینەوەکە بە کارێکی بنچینەیی دادەنرێت و ئەمانەی خوارەوە دەگرێتەوە :

١-چاپکردنی توێژینەوەکە.

٢-بەرگ تێگرتنی توێژینەوەکە .

٣-ڕێکخستنی توێژینەوەکە .

٤-ڕەنوسکردنی توێژینەوەکە .

یەکەم : لەچاپ دانی توێژینەوەکە:

هەندێك جار بە لەبەرگ گرتنەوەی توێژینەوە ناودەبرێت ، وە توێژەر سەربەخۆیە لە هەڵبژاردنی جۆری چاپەمەنیدا : وەك بە ئامێری نوسین یان ئۆفێست یان چاپخانە یان وێنەگرتنی کارەبایی ....تاد .

وەبەچاوپۆشین لەجۆری چاپەمەنیەکە ، پێویستە توێژەر چاودێری بنەما گشتیەکانی لەچاپ دان بکات .وەك: جۆری قەبارەو قەبارەی پیت و وشەو نوسین و فراوانی پەراوێزو چۆنیەتی ڕەنوسکردن و هێماو شوێنەکانی وەك ئەوەی لەلاپەڕەکانی سەرەتادا ژمارەدانان بە پیتی ئەلف بێ و لاپەڕەکانی تری لە ناوەڕۆکدا ژمارەییە ، وەهەروەها پێویستە چاودێری قەبارەی نوسین و ماوەی نێوان دێڕەکان بکرێت ، بەشێوەیەك کە قەبارەکەی لەلاپەڕەکەکە گەورەتر بێت و ماوەکان لە دەقدا فراوانتر بێت وەك لەوەی لە پەراوێزدا هەیە.

ژمارەی تیراژی چاپکراو :

بەپێی جیاوازی یاسای زانکۆو کۆلێژەکان جیاوازەو دەگۆڕێت ، بەڵام بەلایەنی کەمەوە پێویستە ئەندامانی لیژنەی هەڵسەنگاندن هەریەکەو تیراژێکیان لابێت ، وە توێژەر تیراژێك و یەك تیراژیش بەلایەنی کەمەوە بۆ کتێبخانەی کۆلێژ.

دووەم : بەرگ تێگرتنی توێژینەوەکە :

ئەمەش کارێکی پێویستە کە توێژەر پێی هەڵدەستێت ، پێش سپاردنی توێژینەوەکە بە ئەندامانی لیژنەی هەڵسەنگاندن یان زانکۆ یان کتێبخانە .

سێیەم : ڕێکخستنی توێژینەوەکە :

مەبەستمان لێی بەشە سەرەکیەکانی توێژینەوەکەیە کە ئەمانە دەگرێتەوە :

أ- لاپەڕەی بەرگی دەرەوە : لەسەر ئەم لاپەڕەیە ئەمانە دەنوسرێت ، ناونیشانی توێژینەوەکە پاشان ناوی ئەو کۆلێژو زانکۆیەی کە توێژینەوەکەی تێدا پێشکەش کراوەو ناوی مامۆستای سەرپەرشتیاری توێژینەوەکەو ناوی ئەندامانی لیژنەی هەڵسەنگاندن و لەبەشی خوارەوەی لاپەڕەکەشدا ئەو ساڵەی کە تێیدا توێژینەوەکە هەڵسەنگێنراوە.

ب- لاپەڕەی بەرگی ناوەوە :

ئەمەش لاپەڕەی دوای بەرگە ڕاستەوخۆ، هەمان ئەو زانیاریانەی لەسەر دەنوسرێت کە لەسەر لاپەڕەی بەرگی دەرەکیە .

ج - لاپەڕەی ناوەڕۆك یان بابەتەکانی توێژینەوەکە :

لەم لاپەڕەیەدا ئەم زانیاریانە تۆمار دەکرێن :

١- ناونیشانی توێژینەوەکە بەبێ ژمارە .

٢- تەنها وتەی پێشەکی ، ڕەنوسکراو بە پیتی ئەلف بێ.

٣- وتەی سەرەتا بەتەنها ، ڕەنوسکراو بە پیتی ئەلف بێ.

٤- بەش و باس و ناونیشانەکانیان ، ڕەنوسکراو بە ژمارە بەو شێوەیەی کەلە توێژینەوەکەدا هەیە .

٥- وتەی کۆتایی بەتەنها ،ڕەنوسکراو بە ژمارە .

وە لێرەدا پێویستە ئاماژە بە نوسینی لاپەڕەی ناوەڕۆك یان بابەتەکانی توێژینەوەکە بکەین لەسەرەتای توێژینەوەکەداو ڕاستەوخۆ دوای لاپەڕەی بەرگی ناوەوە" بۆ ئەوەی ناوەڕۆك لەسەرچاوەکان جیابکەینەوەو سەیرکردنی ناوەڕۆك و پێکهاتەکانی توێژینەوەکە لای خوێنەر ئاسان بێت .

د- لاپەڕەی پێشەکی توێژینەوەکە: کە ئەم بنەمایانەی تێدا باس دەکرێت :

١ - پێناسەی بابەتی توێژینەوەکە .

٢ -ئاماژەکردن بە گرنگی بابەتەکە .

٣- ئاماژەکردن بۆ ئەو مەسەلە زیندوو نوێیانەی کەتوێژینەوەکە دەیوروژێنێت .

٤- مەبەست لە ئامادەکردنی توێژینەوەکە.

٥- باکگراوندی زانستی و مێژوویی توێژینەوەکە .

٦- هۆکارەکانی هەڵبژاردنی بابەتی توێژینەوەکە .

٧- ناونیشانە سەرەکیەکانی توێژینەوەکە ، کە ئەوانیش تەنها ناونیشانی بەشەکانن .

٨- ئەو ڕوونکردنەوانەی کە بەشداری دەکەن لە تێگەیشتنی بابەتی توێژینەوەکە.

هـ- لاپەڕەی سەرەتا :

ڕاستەوخۆ لەدوای پێشەکی دێت و تێیدا باسی هەوڵدانی توێژەر دەکرێت لە ئامادەکردنی توێژینەوەکەدا هەر لە تۆمارکردنیەوە تا کۆتایی هاتنی و چاپکردنی .وەهەروەها توێژەر باسی (لایەن و فەرمانگە ڕەسمی و حکومیو نارەسمییەکان و سەرپەرشتیارو پسپۆڕان) ی پەیوەندیدار بەبابەتی توێژینەوەکەوە دەکات : وەك ئەمینداری کتێبخانە گشتیو تایبەتەکان ، وتەی سوپاس ئاراستەی ئەوان و هەموو ئەوانەش دەکات کە بەشدارییان کردووە لە ئامادەکردنی توێژینەوەکەو هێنانەبوونیەوە .

و- لاپەڕەکانی دەقەکە :

ئەمەش لاپەڕەکانی بەش و باسە ڕاڤەکراوەکانەو بڕبڕەی توێژینەوەکەیە بەبنەڕەت و ڕونکردنەوەو بیرۆکەو بەشە زانستییەکانیەوە سەرەڕای بیروڕای توێژەرو ئەو شێوازەی مادەکەی پێ دارشتووەو هەروەها سەرژمێری وخشتەو وێنەکانی ...تاد.

ع- لاپەڕەی کۆتایی :

کۆتا لاپەڕەیە لەدارشتنەکەداو پوختەیەك لە بابەتی توێژینەوەکەو هەڵسەنگاندن و دیدوبۆچوونی توێژەر (واتە بیروڕاکانی بەرەزامەندی بێت یان دژایەتی) لەخۆدەگرێت .

ح- لاپەڕەی پێرستی سەرچاوەکان :
کۆتا بەشێکە کەلەتوێژینەوەکەدا دەنوسرێتەوەو هەموو سەرچاوە کوردیو بیانیەکان دەگرێتەوە .

چوارەم : ڕەنوسکردنی توێژینەوەکە:

ڕەنوسکردن (یان ژمارە دانان) دابەش دەکرێت بۆ دوو جۆر :
جۆری یەکەم : ڕەنوسکردن بە پیتی ئەلف بێ.
جۆری دووەم: ژمارەدانان بە ڕەنوسی ژمێرەیی .

جۆری یەکەم: ڕەنوسکردن بە پیتی ئەلف بێ :


تەنها ڕەنوسی لاپەڕەکانی پێشەکی و سەرەتای پێدەکرێت و ئەم ڕەنوسکردنە ڕەنوس و ژمارەی لاپەڕەکانی توێژینەوەکە ناگرێتەوە . ئەمە سەرەڕای ئەوەی کە لاپەڕەی بەرگی ناوەوەو لاپەڕەی ناوەڕۆکی توێژینەوەکە هەرگیز ژمارەیان بۆ دانانرێت.

جۆری دووەم : ڕەنوسکردن بەڕەنوسی ژمێرەیی:

ڕەنوسی هەموو لاپەرەکانی توێژینەوەکەی پێدەکرێت : لە لاپەڕەی بەش و باس و کۆتایی‌و لاپەڕەی پێرستی سەرچاوەکان .وەڕەنوسی ژمێرەیی دوو ڕێگەی هەیە :

ڕێگەی یەکەم : بۆ نوسینی ژمارە زنجیرەییەکان لەبەشی سەرەوەی لاپەڕەکانداو لەسەرو یەکەم دێری یەك لاپەڕەدا .

ڕێگەی دووەم : ژمارەدانان بۆ لاپەڕەکان بە نوسینی ژمارەکان لەبەشی خوارەوەی لاپەڕەکەدا ، واتە لە ناوەڕاستی بەشی خوارەوەی لاپەڕەکەداو لە ژێر کۆتا دێڕو پەراوێزەکاندا



سیفەتە گشتی‌یەکانی توێژەر

گـەر مەبەســت و ئامانجـەکانی توێژینــەوە لــە خوێنــدنی بـالآدا بەشـێوەیەکی بنچینەیی خۆی لە ڕەخساندنی هەلی ئەکادیمی بۆ توێژینەوە لە ڕاستی‌یە زانستی و وردەکاری‌یە مەعریفی‌یەکاندا دەبینێتەوە ، ئەوا بۆ هێنانەدی ئەو ئامانجانە پێویسـتە هەل بۆ ئەوانـە بڕەخسـێنرێت کـە خـاوەن لێهـاتوویی زانسـتین و کارامـەن لــە ئەنجامدانی توێژینەوەدا . لەو سیفەتانەش کە پێویستە لە کەسێکی توێژەردا هەبێت ئەمانەن :

١- خواست و ئارەزوو:

لەپێش وە لەکاتی هەڵبژاردن و ئامادەکردنی توێژینەوەکەیدا ، توێـژەر ئـەم ئارەزووەی بەرامبەر بە توێژینەوەکەی بۆ دروست دەبێت . بۆیە پێویستە لەسەری کە دڵنیا بێت ئەویش بە پرسیار لەخۆکردنی زۆر لەکاتێکەوە بۆ کاتێکی تر.

٢- ئارام و خۆڕاگری:

هەڵسەنگانی زانستی توێژینەوەکە بەندە لەسەر ئارام و خـۆڕاگری ، چـونکە کرداری توێژینەوە سەختەو بیروهۆش و لاشەو فیکرمانـدوو دەکـات. وپێویسـتە توێژەر ئارامگر و سنگ فراوان بێت بۆ دەست بەسەراگرتن و پەیبردن بەهـەموو وردەکاریەکانی توێژینەوەکەی .

٣- بابەتی‌بوون و دادمەندی:

پێویستە توێژەر بابەتی بێت لە بڕیـاردان دەربـارەی بـیروڕای کەسـانی دی و ڕاوبۆچوونەکانیان بێ بایەخ لەقەڵەم نەدات بەلەسەرخۆیی و دادپەروەرانە لەگەڵ خاوەن بیروڕاجیاوازەکاندا بدوێت .

٤- ڕاستگۆیی:

پێویستە لە نووسیندا بێتە دی دوور لە هەر دیاردەیەکی ناباو . وەسپاردەی زانستی پێویستی بە ئاماژەکردنە بەهەر گواستنەوەو لێوەرگرتنێك و گێڕانەوەی بۆ خاوەن یان دانەرەکەی . هەروەك دزی زانستی یان ئەدەبی بە خراپترین دیاردە دادەنرێت هاوکات لەگەڵ ئامادەکردنی توێژینەوەدا بۆیە یاساو دامەزراوەکان سزا دادەنێن لەسەر ئەم جۆرە لە تاوان .

٥- توانای ڕێکخستن:

پێویستە توێژەر شارەزایی هەبێت لە کارامەیی هونەریدا تا یارمەتی بدات ، لەئامادەکردنی پەیکەری ڕێکخستنی توێژینەوەکەیدا لەبەش و ناونیشان و لەبەرگ گرتن و چاپکردن و پێکهێنان و ڕەنوسکردنیداو ئەمەش بە ڕێکخستنی شکڵی ناودەبرێت . کەتوانای بابەتی بوونی توێژەری پێوەبەندە لەداڕشتن و ئامادەکردندا .

٦- گومان و تێبینی:

گومانی زانستی سەلمێنەر بەڵگەی زیرەکی و توانایی و دانایی توێژەرە کەوەك ئاماژەی شارستانی بەکاریان دەهێنێت لە هەنگاونان بەرەو نوێکاری و داهێنان ، بە قووڵبوونەوە لەماناو بیرۆکەکانداو گەیشتن بە بەرزترین دەرەنجام .

٧- زیرەکی و بەهرەمەندی:

زیرەکی لەبیرکردنەوەو هەڵبژاردن و پاڵفتەکردنی بیرۆکەکاندا ، هاوکات زیرەکی لە دارشتن و ئامادەکردن و هەڵبژاردنی وتەو ماناو شێوازی هەمەجۆردا .

٨- باکگراوندی زانستی:

پێویستە توێژەر شارەزایی هەبێت لەبواری پسپۆریەکەی و بابەتی توێژینەوەکەی ئەمەش پەیوەندی بە بیرۆکەی زانستیو وردەکاریو زانیاری باوەرپێکراوەوە هەیە کە توێژەر وەك کانگایەکی زانستی و دروستکەر پشتی پێ دەبەستێت ، لە ئامادەکردن و دارشتنی توێژینەوەکەیدا .

٩- کارامەیی لە ئەنجامدانی توێژینەوەکەدا:

کارامەیی لە ئامادەکردن و دارشتن و کۆنترۆلکردنی بیرۆکەکانی توێژینەوەکەو تواناى دروستکردنی بەرنامەدار لەدانان و ئامادەکردندا . جا پەیوەندی بە رێکخستنی پلانی توێژینەوەکە یان دابەشکردنیەوە هەبێت یان ئەوەی پەیوەندی بە رێکخستنی مەنهەجی شێوازی توێژینەوەکەوە هەبێت لە نوسین و دەرهێناندا .توێژەر کارامەیی و لێهاتوویی‌یەکانی بەکاردەهێنێت لە کارکردن بە توانایی و بەهرەکانیەوەو دواترلە زاڵبوون بەسەر زانیاری و پێکهاتەکانی توێژینەوەکەدا. وێرای بەکارهێنانی لە دۆزینەوەی تواناو ئاستە زانستی وعەقڵی‌یەکانیداو پاشان هەڵسەنگاندنی .

١٠- راستی زانستی:

لەتواناى توێژەر بۆ بریاردان لەسەر کاروبارە زانستی‌یەکان و هەڵسەنگاندنیاندا خۆی دەبینێتەوە . هەروەها تواناى توێژەر لە خستنەرووی

بیرۆکەو زانیاریەکان بەڕێگەیەکی ڕاست کە ناوەندگەریەکەی بریتییە لە : شێوازی باش و ئاشکرا و دەربڕینی سەرکەوتوو پابەندبوون بە ڕێساکانی زمان و نوسین و داڕشتن دوور لە ئالۆزکاری .

هەنگاوەکانی تۆمارکردنی توێژینەوەکە

توێژینەوەکە لە تۆمارکردنییەوە تا پێشکەشکردنی بەچەند هەنگاوێکدا تێپەڕدەبێت :

١- هەڵبژاردنی بابەتەکە - بەشێوەیەکی گشتی لەلایەن توێژەر یان مامۆستای سەرپەرشتیار یان ئەو کۆلێژەوەیە کە توێژینەوەکەی تێدا ئامادەدەکرێت .

٢- ئامادەکردنی نەخشە - کەناونیشانە سەرەکیەکانی توێژینەوەکەش (ناونیشانی بەش وباسەکان) دەگرێتەوە .

٣- بەدەستهێنانی ڕەزامەندی مامۆستای سەرپەرشتیار لەسەر پلانی توێژینەوەکە .

٤- بەدەستهێنانی ڕەزامەندی ئەنجومەنی ئەو بەشەی کە مامۆستای سەرپەرشتیار پەیوەستە پێوەی و بابەتی توێژینەوەکە لە بواری پسپۆڕیەکەیدایە ، وەك : بەشی مێژوو سەبارەت بە بابەتە مێژووییەکان ...تاد .

٥- بەدەستهێنانی ڕەزامەندی ئەنجومەنی ئەو کۆلێژەی کە توێژینەوەکەی لێ ئامادەدەکرێت ، بۆ ئەمەش پێویستە چەند مەرجێکی دیاریکراو لە بابەتیتوێژینەوەکە یان توێژەردا هەبێت ، سەبارەت بە بابەتی توێژینەوەکە :

بەوەی كە نویێ و ڕوون و پلان بۆ دانراو بێت . وە سەبارەت بە توێژەر پێویستە پلەی باش یان زۆر باشی بەدەست هێنابێت .

٦- ماوەی ئامادەكردنی توێژینەوە دوای دەرچوونی بڕیاری ئەنجومەنی كۆلێژ بەڕەزامەندی نواندن لەسەر پەسەندكردنی توێژینەوەكە دەست پێدەكات و پێویستە توێژەر لەم ماوەیەدا توێژینەوەكەی ئامادەكردبێت.

سەبارەت بە نامەی ماستەر كەمترین ماوە دوو ساڵەو زۆرترین سێ ساڵ وە دەكرێت ماوەكە ساڵێك یان دوو ساڵی دی درێژبكرێتەوە دوای ڕەزامەندی نواندنی ئەنجومەنی كۆلێژ لەسەر داوای توێژەر .

٧- دوای كۆتایی هاتنی ماوەی ئامادەكردنی توێژینەوەكەو ئامادەنەبوونی توێژەر بۆ پێشكەشكردنی توێژینەوەكەی‌و ئەگەر ئەنجومەنی كۆلێژ كەمتەرخەمی لەلایەن توێژەرەوە بەدیكرد ، ئەوا بڕیارێك دەردەكات بە هەڵوەشانەوەی تۆماركردنی توێژینەوەكەو توێژەر مافی توێژینەوە لەدەست دەدات و بابەتەكە دەدرێت بە توێژەرێكی دی .

٨- لەكاتی ئامادەكردندا پێویستە توێژەر پەیوەندی بەردەوامی هەبێت بە مامۆستای سەرپەرشتیارو كۆلێژەوە .

٩- توێژەر دەتوانێت گۆڕانكاری لاوەكی لە پلانی توێژینەوەكەدا ئەنجام بدات ، بەمەرجێك كاریگەری لەسەر ناوەڕۆكی بابەتەكە بەجێ نەهێڵێت وەك گۆڕین یان ڕاستكردنەوەی ناونیشانی بەش یان باسەكان ... ئەمەش لەكاتی ئامادەكردندا .وەلەكاتێكدا كە توێژەر گۆڕانكاری جەوهەری لەناونیشانەكاندا ئەنجام بدات بەشێوەیەك كە بابەتی توێژینەوەكە بگۆڕێت ، ئەوا لەم حاڵەتەدا ئەنجومەنی كۆلێژ بڕیارێك دەردەكات بە ڕەتكردنەوەی و داوا لە توێژەر دەكات

کە بابەتێکی دی یان ناونیشانێکی نوێ ، هاوڕێ لەگەڵ پلانێکی نوێدا پێشکەش بکات بۆ تۆمارکردنی .

١٠- کۆتایی هاتنی ئامادەکردنی توێژینەوەکە .

١١- بەدەستهێنانی مۆڵەتی مامۆستای سەرپەرشتیار بۆ چاپکردنی توێژینەوەکە، وەك چاپکردنێکی سەرەتایی و بۆ ژمارەیەکی کەم لەتیراژ کە کۆلێژ دیاری دەکات .

١٢- دەرچوونی بڕیار لە ئەنجومەنی کۆلێژەوە بە پێکهێنانی لیژنەی هەڵسەنگاندن کە زۆربەی کات لە سێ ئەندام پێك دێت بەسەرۆکایەتی مامۆستای سەرپەرشتیار .

١٣- دەرچوونی بڕیار لە ئەنجومەنی کۆلێژەوە بە دیاریکردنی بەرواروکات و شوێنی هەڵسەنگاندنی توێژینەوەکە .

١٤- بەشێوەیەکی گشتی هەڵسەنگاندنی توێژینەوەکە بە شێوەیەکی ئاشکرا ئەنجام دەدرێت و لەمیانەیدا توێژەر زانیاری و ڕێنمایی و ڕەخنەو هەڵەی پەیوەست بە توێژینەوەکەیەوە وەردەگرێت .

١٥- لە کۆتایی هەڵسەنگاندانەکەدا ئەندامانی لیژنەکە بیروڕا دەگۆڕنەوە دەربارەی نامەکە بەشێوەیەکی نهێنیو لە شوێنێکی داخراوداو دواتر ئەنجامەکە ئاشکرا دەکەن لەبەردەم ئامادەبواندا بەپەسەندکردن یان ڕەتکردنەوەی نامەکە.

١٦- لەحاڵەتی ڕەزامەندی نواندن لەسەر نامەکە لەلایەن لیژنەی هەڵسەنگاندنەوە ڕاسپاردە دەردەچێت بۆ کۆلێژ یان زانکۆ ، بە بەخشینی پلەی ماستەر یان دکتۆرا بەکەسی سەرکەوتوو ، وە پێویستە مامۆستای سەرپەرشتیارو ئەندامانی لیژنە ڕاپۆرتەکانیان دەربارەی توێژینەوەکە بنوسن و لەگەڵ ڕاسپاردەکانیاندا ، بەرزبکرێنەوە بۆ ئەنجومەنی کۆلێژ .

١٧- دەرچـــوونی بڕیارێـــك لـەئەنجومـــەنی کۆلێـــژەوەو دواتـــر بڕیارێـــك لـەئەنجومەنی زانکۆوە بەڕەزامەندی نواندن و پەسەندکردنی نامەکە .

١٨- هەڵسەنگاندنی پلـەکانی ماستەرو دکتۆرا بریتین لـــە :پەســەند ، بــاش ، زۆرباش ، بالاّ .


١٩- کۆتا چاپکردنی نامەکە دوای ڕاستکردنەوەی هەڵەکان و ڕەچاوکردنی ئەو زانیاری و ڕێنمایانەی کەلەکاتی هەڵسەنگاندنەکەدا خراونەتەڕوو .


٢٠- لـەحاڵەتی ڕەتکردنەوەی نامەکەدا جیـاوازی دەکرێـت لــە نێـوان دوو حاڵەتدا :

حاڵەتی یەکەم : ئەگەر ڕەتکردنەوەکە بەهۆی نەگونجانی نامەکـەوە بـوو : وەك ئەوەی کە توێژینەوەکە کۆن بێت و هیچ تازەیەك پێشکەش بـە کتێبخانـەی زانستی نەکات یان پێشتر بابەتەکەی تۆمار کرابێت یان توێژەرێکی دی ئەنجامی دابێـت ، ئـەوا لـــەم حاڵەتانـەدا بەتـەواوی ڕەت دەکرێتـەوەو مـافی توێـژەر هەڵدەوەشێتەوەو پێویستە بابەتێکی نوێ هەڵبـژێرێت و جـارێکی دی پێشکەشـی بکات بۆ بەدەست هێنـانی ڕەزامەنـدی نـوێی ئەنجومـەنی کۆلێـژ ، لێرەشـەوە ماوەیەکی نوێ دەست پێ دەکات بۆ ئەنجامدانی توێژینەوەکە .

حاڵەتی دووەم : ئەگەر ڕەتکردنەوەکە بەهۆی بوونی هەڵە یان کاروباری شکڵییەوە بێت کە دەتوانرێت چارەســەر بکرێـت ، بـەبێ تێکـدانی نـاوەڕۆکی توێژینەوەکە . ئـەوا لــەم حاڵەتـەدا ڕەتکردنەوەکـە یـەکجاری نابێـت ، بـەڵکو هــەلێکی دی بــۆ توێــژەر دەرەخســێنرێت ، بــۆ چارەســەرکردنی هەڵــەو کەموکوڕیـەکانی توێژینەوەکـەی و پاشـان کـاتێکی دی بــۆ دادەنرێـت بــۆ پێشکەشکردنی توێژینەوەکەی.

وە دەبێت ئەوەش بلێین کە لەهەندێك لە زانکۆکاندا ئاراستەیەك هەیە جەخت لەسەر هەڵوەشاندنەوەی پلەی نرخاندنی نامەی ماستەرو دکتۆرا دەکاتەوە. چونکە پلەی هەڵسەنگاندن کارێکی ڕێژەیی‌یەو لە لیژنەیەك یان بابەتێکەوە بۆ یەکێکی دی جیاوازە . وە نرخی نامەکە تەنها لەو پلەیەدا نی‌یە کە پی‌ی بەخشراوە ، بەڵکو لەو توێژینەوەو چالاکی‌و زانستانەدایە کە توێژەر پێشکەشی دەکات .






بەشی دووەم

دەستنووسەکان

(المخطوطات)





پێشەکی

پێناسەی دەستنووس :

هەموو کتێبێکی نوسراو کەنووسەر بەدەست نوسیویەتیەوە ، جا بەنوسینی دەستی خۆی یان قوتابی‌یەکانی ...

وە دەستنوس هەیە; کە تیراژی بنچینەیی نوسەرە یان لەبەرگیراوەی ناوەندی و گواستراوەیە یان لە تیراژی (ڕونوسی) بنچینەیی‌یەوە وەرگیراوە .


وە وشەی دەستنوس بۆ هەموو ئەو کتێبانە بەکاردەهێنرێت کە نوسەر بەدەستی خۆی نوسیویەتی ، پێش بڵاوکردنەوەی ئامێرە نوێیەکانی چاپەمەنی . هەروەك وشەی دەستنوس ئاماژەیە بۆ زانیاری پێشینانمان پێش سەدان ساڵ کە خۆی لە خۆیدا سامانێکی زانستی گەورەو گرنگە .

دەستنوسەکان سەرچاوەی‌چڕو بەجۆش و دایکی کتێبە نوێیەکانن، بنچینەی شارستانیەتی مرۆڤ و کۆشکی شاری هاوچەرخن، دەستنوسەکان گەنجینەی زانستی و بنەڕەتی زانستە نوێیەکانن .هەروەك ئەو زانستانەی کە ئێستا هەیە تەنها بەشێکە لە هەموو، و بەشێکی زۆر کەمە لەو زانستەی پێشینان کەپێمان گەیشتووە .

وە نرخی دەستنوسە زانستی‌یەکان تەنها ناگەڕێتەوە بۆ ئەو سامانە زانستیە زۆرەی کەلەخۆی گرتووە بەڵکو بۆ قورسی سود وەرگرتن لەم دەستنوسانە ; بەهۆی دەگمەنیی‌و ناوازەیی یان پارچەپارچەیی یان لەناوچوونی زۆربەی یان بەهۆی ئەوەی کە نەتوانراوە کۆبکرێتەوەو سودی لێوەربگیرێت .هۆکارەکانی لە ناوچوونی دەستنوسەکانیش فرەن مرۆیی بن یان سروشتی .



ئەو دەستنووسانەی کـە هێشـتا مـاون بـە شـێوەیەکی سـنووردار سـوودیان لێ وەردەگیرێت ، بەهۆی پەرش و بڵاوییان لـە کتێبخانـە جیهـانی و کتێبخانـەکانی پایتەخت و شارەکانی وڵاتە پێشکەوتووەکان و مۆڵەت نەدانی حکومەتەکانیان بـە خواسـتن یان فرۆشتنیـان ، کە ئەمەش دەبێتە هۆی بێبەش بوونی کتێبخانـەکان و دواتر توێژەران لـە بەدواداچوون و بەدەست خستنیاندا (کۆکردنەوەیاندا) .



باسی یەکەم

مەرجەکانی بەدواداچوونی دەستنوس

مەرجەکانی بەدواداچوونی دەستنوس :

زانایان باسی کۆمەڵێك مەرجی گشتی و دیاریکراو دەکەن کە پێویستە لەبەدواداچوونی دەستنوسدا هەبێت ، چونکە ناتوانرێت بەدواداچوونی لەبارەی هەموو دەستنوسێکەوە بکرێت . لەو مەرجانەش :

١- بوونی زیاتر لە تیراژێك لەو دەستنووسە چونکە بەدواداچوونی دەستنوس لەتەواوکردنی ناتەواوی وزیادکردن و ئامـاژەکردن بـە خستنەسـەرو لابـردن و دەرهێنـانی نـاوی شـوێن پێویسـتی بـە بـوونی تـیراژی تـرە لەگـەڵ تـیراژە بنچینەیی‌یەکەدا .

٢- دەبێت دەستنووسەکە پێشتر بەدواداچوونی لەبارەوە نـەکرابێت ، بـەلام ئەمە مانای ئەوە ناگەیەنێت کە بلاونەکرابێتەوە ، واتە دەکرێت بەدواداچوون بـۆ دەستنوسـێك بکرێـت کـە پێشـتر بلاوکرابێتـەوە بـەلام بەدواداچـوونی بـۆ نەکرابێت .

٣- ئەگەر دەستنوسەکە بەدواداچـوونی لـەبارەوە کرابێـت ، بـەلام هەڵـەی زۆری تیادابێت ، ئەوا لەم حاڵەتەدا دەکرێت بەدواداچوونی بۆ بکرێت .


٤- ئەگەر دەستنوسەکە بەنرخ بێت و شایەنی بەدواداچوون بێـت . بێجگـە لەم جۆرە دەستنووسانەی خوارەوە کە بەدواداچوونیان بۆ ناکرێت :

أ- هەموو دەستنوسێك کەماددە زانستی‌یەکەی بێ بایەخ بێت .

ب- هەموو دەستنوسێك کە خاوەنەکەی وەك بەشێك لـە کتێبـی چـاپکراو هەمووی نوسیبێت .

ج - هەموو دەستنوسێك کە کورتکراوەی کتێبی چاپکراو بێت .

٥- پێویستە قەبارەی دەستنوسەکە گونجاوبێت واتە گونجاوبێت لـەگـەڵ نرخـە زانستی‌یەکەیداو ئەو هەوڵەی کە تیێدا دەدرێت . هەروەك دەستنووسـی واهەیـە لە(١٠) لاپەڕە تیپەڕناکات کە ناکرێت بەدواداچوون لـە بارەیەوە بکرێت .



باسی دووەم

هەنگاوەکانی بەدواداچوونی دەستنووس

هەنگاوەکانی بەدواداچوونی دەستنووس :

کرداری بەدواداچوونی دەستنوس تەنها چاپکردن نیە ، بەڵکو کارێکی ئاڵۆزە لەهەمان کاتدا . وەنرخی زانستی دەستنوس پێکهاتە زانستی‌یەکەی تێدەپەڕێنێت بۆجۆررو ئەندازەی هەوڵدان بۆ زیندوکردنەوەی و پاراستنی لە تیاچوون بەشێوەیەك کە بتوانرێت لەکتێبخانەکاندا نمایش بکرێت و کەڵکی لێ وەربگیرێت .

-دەتوانین هەنگاوەکانی بەدواداچوون و لێکۆڵینەوەی دەستنوس لەمانەدا کۆبکەینەوە:

١ – هەڵبژاردنی دەستنوسێك وەك بابەتی بەدواداچوون .

٢ –کۆکردنەوەی تیراژەکانی دەستنوسەکە .

٣ –رێکخستنی تیراژەکانی دەستنوسەکە.

٤ –بەدواداچوونی دەق لە دەستنوسەکەدا .

٥ – دابەشکردن و ڕەنوسکردنی دەستنوسەکە .

٦ – پێرستکردنی دەستنوسەکە .



هەنگاوی یەکەم: هەڵبژاردنی دەستنووسەکە :

ئەمەش تیراژی بنچینەیی بابەتی بەدواداچوونەکەیە ، وە شتێکی بەدیهی‌یە کە لێکۆڵەر وەك هەنگاوی یەکەم ئەو دەستنوسە هەڵبژێرێت کە دەیەوێت بەدواداچوونی لەبارەوە بکات و لەهەمان کاتدا مەرجەکانی تێدا هاتبێتەدی . وەك ئەوەی پێشتر بەدواداچوونی بۆ نەکرابێت و لەڕووی زانستی‌یەوە بێ بایەخ نەبێت و قەبارەکەی گونجاو بێت ...تاد . ئەگەر ناونیشانی دەستنوسەکە نەزانراو بوو دەتوانرێت بەدواداچوونی لەبارەوە بکرێت بەڕەچاوکردنی ئەم خالآنەی خوارەوە:

أ- دەتوانرێت بگەڕێنرێتەوە بۆ ناونیشانی تیراژی دەستنووسی دی .

ب- دەکرێت بزانرێت لەچ سەردەمێکدا نوسراوە ، بە لێکدانەوەی هەنگاوەکانی و هەروەك هەر چەرخەو نوسینی بلآوی خۆی هەیە .

ج- بێبەش نەبونی کتێبخانە لە دەستنوس وپاراستنی لە لەناوچوون و نەبەستنەوەی بەنەزانینی ناونیشانەوە .

لەگەڵ ئەوەشدا کۆمەڵێك ڕێگر هەیە لەبەردەم دەستنوسی ناونیشان نادیارو نەزانراودا . بۆ وەرگرتن و ڕەچاوکردنی مەرجەکان پێویستە توێژەر پەلەنەکات لە هەڵبژاردنی دەستنوسەکەدا ، وە پێش هەڵبژراردنی بابەتەکە لێکۆلینەوەی چڕو فراوان ئەنجام بدات و تۆمارگەی زانکۆکان بەسەر بکاتەوە بۆ دڵنیابوون لەوەی کە دەستنوسە هەڵبژێردراوەکەی بەناوی توێژەرێکی ترەوە تۆمارنەکراوەو بلآونەکراوەتەوە .

هەنگاوی دووەم : کۆکردنەوەی تیراژەکانی دەستنووسەکە:

واتە کۆکردنەوەی تیراژی بنچینەیی و لاوەکی ،وە بە پێچەوانەی توێژینەوەوە ئەو سەرچاوانەی کە پێویستە لێکۆڵەر کۆیان بکاتەوەو پشتیان پێ ببەستێت لە بەدواداچوونی دەستنوسدا دیاریکراوو پەیوەستن بە تیراژە بنچینەیی و لاوەکیەکانی خودی دەستنوسەکەوە . وەکۆکردنەوەی تیراژەکانی دەستنوس بە تێڕوانین لە پێرست و تۆماری ئەو دەستنوسانەی کە لەکتێبخانە گشتی و تایبەتەکاندا هەن دێتەدی .

لێکۆڵەر دەتوانێت پشت بە پسپۆڕو ئەمینداری کتێبخانەو ئەو کەسانە ببەستێت کە تیراژی دەستنوس کۆدەکەنەوە. وە ڕەنگە کارەکە پێویستی بەڕەزامەندی یان بڕیاری لایەنە بەرپرسەکان هەبێت . بۆ ئاسانکاری نواندن لەکرداری کۆکردنەوەدا لەحاڵەتی هەبوونی تیراژ لەکتێبخانەی ولاتە بیانییەکاندا .

چەمکی کۆکردنەوەی تیراژەکانی دەستنووس ئەمانە دەگرێتەوە:

ا-خوێندنەوەی خێراو گشتگیری هەموو، یان زۆرینەی تیراژەکانی دەستنوسی بنچینەیی یان ناوەندی .

ب-کۆکردنەوەی واتایی بە نوسینەوەی ناونیشانی تیراژەکانی دەستنوسەکەو ناوی دانەرەکان .

ج-کۆکردنەوەی ماددی تیراژەکانی دەستنوسەکە بە خواستن یان کڕین یان دیاری .

د-کۆکردنـەوەی فۆتـۆگرافی لــە تیراژەکـانی دەستنوسـەکەدا بەتایبـەتی دەستکەوتنی فیلمی تایبەت بە تیراژی بینچینەیی .

هـ-کۆکردنـەوەی دانـەیی (ژمـارەیی) تـیراژە ناوەندیـەکان ، ئـەویش بـە کۆپیکردن یان نوسینەوەیان بەدەست یان ئامێری چاپ .

-هـەروەك لێکۆڵـەر خـۆی دەتوانێـت بڕیـاری هەڵبـژاردنی باشـترین و گونجاوترین بدات لە کرداری کۆکردنەوەو جۆرەکەیدا .

هەنگاوی سێهەم : ڕێکخستنی تیراژەکانی دەستنووسەکە :-

بۆ ئەوەی سودی تەواو لە تیراژەکانی دەستنوسەکە وەربگیرێت و پشـتی پـێ ببەسترێت لە بەدواداچوونەکەدا پێویستە ڕێکبخرێت .سـەرەتا پشـت بـە تـیراژە بنچینەیی‌یەکان دەبەسترێت و پاشان ئەوانەی کە زیاتر ڕاست و دروسـتن دواتـر ئەوانەی کە دێرین و کۆنن .

کـرداری ڕێکخسـتن لـەکاتی پشـت بەسـتن بـە تیراژەکـانی یەك دەستنوس ئەمانە دەگرێتەوە :

أ- ئەو تیراژە بنچینەیی‌یەی کەنوسەر بەدەستی خۆی نوسیویەتی .

ب- پاشان ئەو تیراژە ناوەندیەی کە یەکێك لە قوتابیەکانی دانەری بنچـینەیی نوسیویەتی یان نوسەر مۆڵەتی پێداوە.

ج- پاشان ئەو تیراژە ناوەندیەی کەلە تیراژی بنچـینەیی وەرگـیراوەو نوسـەر ڕێی پێداوە .

د- دوایی ئەو تیراژە لاوەکی‌یەی کە یەکێك لە قوتابیەکانی دانەری بنچینەیی لەدەستنوسە بنچینەیەکەوەو لەسەردەمی دانەرەکەیدا (واتە پێش مردنی) نوسیویەتی .

هـ- دواتر ئەو تیراژە لاوەکیانەی کەلەدوای مردنی نوسەرەکەی نوسراوە، واتە لەسەردەمێکی تردا و بەپێی پێشینەیی ڕێکدەخرێت.

هەنگاوی چوارەم : بەدواداچوونی دەق لەدەستنوسەکەدا:

ئەم هەنگاوە لە گرنگترین هەنگاوەکانی بەدواداچوونی لیکۆڵینەوەی دەستنوسە. کەبەهۆیەوەی هەنگاوەکانی چەسپاندنی ڕاستەقینەی دەستنوسەکە تەواو دەبێت و لەبەرگە تازەکەیدا دەردەکەوێت و ڕەنگی ڕاستەقینەی خۆی وەردەگرێت سەرەڕای کەڵك لێوەرگرتنی .

لەبەر گرنگی هەنگاوی بەدواداچوونی دەق ، زانایان چەند بنەمایەکیان بۆ داناوە کە پێویستە هەر لێکۆڵەرێك ڕەچاوی بکات ، لەوانەش :

١- دڵنیابوون لەڕاستی و دروستی خودی دەستنوسەکە بنچینەیی‌وناوەندیەکان کە جێگەی مەبەستن لە بەدواداچوونەکەدا.

٢- جیاکردنەوەی تیراژەکانی دەستنوسەکەو ڕێکخستنیان بەشێوەیەك کە سەرەتا ئاماژە بە تیراژە بنچینەیی‌یەکان بکرێت دواتر تیراژە ناوەندیەکان .

٣- جیاکردنەوەی تیراژە ناوەندیەکانی دەستنوسەکەو ڕێکخستنیان بەپێی کۆنی و تازەیی .

٤- دڵنیابوون لە ڕاستی و دروستی تیراژی بنچینەیی دەستنوسەکە ، کە ئایا تیراژی بنچینەیی دانەرەو بەدەستی خۆی نوسیویەتی . وە ئایا زانیاریەکانی ناوی بنەڕەتین و لەگەڵ ئاستە فکری و زانستی‌یەکانیدا دەگونجێت .پێویستە لێکۆڵەر

لەوە دڵنیا بێت کە کتێبەکە بەڕاستی هی نوسەرێکی دیارەو لەناوی نوسەریش دڵنیا بێت .

٥- لەحاڵەتی ونکردن و نەمانی بەڵگەنامە یان تیراژی بنچینەیی‌دا . پێویستە لێکۆڵەر ورد بێت لەبەدواداچوونی دەقدا ، بۆ ڕێگرتن لەهەر هەڵەو لادان یان ساختەکردنێکی زانستی بەسەر تیراژە بنچینەیی‌یەکەدا .

٦- پێویستە لێکۆڵەر لەپەراوێزدا ئاماژە بەهەموو ئەو زیادکردنانە بکات کە دانەری دەستنوسی بنچینەیی لەکەسانی ترەوە وەریگرتووەو لەناو دەستنوسەکەیدا جێی کردوەتەوە . هەروەك پێویستە ئاماژە بە سەرچاوەی ئەو زیادکردنانەش بکات .

٧- پێویستە لێکۆڵەر ئاماژە بەهەموو ئەو ڕاستکردنەوانە بکات کە دانەری دەستنوسەکە ئەنجامی داون بە زیادکردن بێت یان لابردن .

٨- ئاماژەکردن بەهەر لابردنێك کە دانەری بنچینەیی لەهەر دەقێکی گواستراوەدا ئەنجامی دەدات .

٩- پێویستە لێکۆڵەر ئەو زیادانەی کە لە تیراژە ناوەندیەکاندا هەیە بگوێزێتەوە بۆ تیراژی بنچینەیی وەلەپەراوێزداو بە ژمارەی بەش و لاپەڕەکەی ئاماژەی پێ بکات .

١٠- لەحاڵەتی بوونی کەم وکورتی لەدەستنوسی بنچینەیی‌دا : وەك نەبوونی وشە یان پیت یان ڕستەیەك لەدەقدا لێکۆڵەر دەتوانێت زیادی بکات ئەگەر دڵنیابوو لەماناو مەبەستەکەی .

١١- لەحاڵەتی بوونی کەم و کورتی گەورە لەدەستنوسە بنچینەییەکەدا : وەك لاپەڕە یان باس یان بەشێکدا پێویستە لێکۆڵەر ئەو کەم و کورتیانە لەدەستنوسە ناوەندیەکانەوە تەواو بکات .



١٢- لەحاڵەتێكدا كە لێكۆڵەر نەیتوانی ناتەواویەكە چاك بكات لەدەستنوسە بنچینەییەكەدا ، كەم بێت یان زۆر . ئەوا پێویستە ئاماژە بە كەم و كورتییەكە بكات ئەویش بە دانانی خاڵی ئاسۆیی بەپێی ژمارەی ناتەواویەكە . وە پێویستە لەپەراوێزدا ئاماژە بەوە بكات كە نەیتوانیوە كەم وكورتییەكە تەواو بكات و تیراژە ناوەندیەكانیش یارمەتیدەری نەبوون لەوبارەیەوە . هەروەك نابێت بەهەڕەمەكی لەلایەن خۆیەوە تەواوی بكات .

١٣- پێویستە گرنگی بدرێت بە ڕاستكردنەوەی هەڵەی زمانەوانی و نوسین و ڕێزمانی لەدەقدا .

١٤- پێویستە ڕاوبۆچوونەكانی نوسەری بنچینەیی لێكدانەوەی بۆ بكرێت و ڕونبكرێتەوە ، بەتایبەتی ئەوانەی ئاڵۆز و نادیارن لە دەقدا . هەروەك پێویستە لە پەراوێزدا ئاماژە بەلێكدانەوەو شیكردنەوەكە بكرێت .

١٥- پێویستە ئەو زاراوە زانستی و هونەریانەی كەلە دەستنوسەبنچینەییەكەدا هاتوون و دانەری بنچینەیی خۆی نوسیونی شیبكرێنەوە . وە دواتر بیردۆزەكانی شیكار بكرێت و بەدرێژی باس بكرێت.

١٦- وەسفی حاڵەتی دەستنوسەكە بكرێت لە ڕووی پەڕەو مەرەكەب و وێنەو شێوەوە .

١٧- دانانی پێشەكیەك بۆ ڕونكردنەوەی بیرۆكەی دەستنوسەكەو بەخشینی زانیاری تەواو لەبارەیەوە وەك ناساندنی پێكهاتەو بابەتەكانی و گرنگی و نرخە زانستییەكەی و ئاستی زانستی نوسەرەكەی .

١٨- وەرگێڕانی دەستنوسەكە ئەگەر بە زمانی بیانی نوسرابوو وە پێویستی دەكرد بەزمانی لێكۆڵەر بێت .

وەلەحاڵەتی وەرگێڕاندا پێویستە تویژەر تەواو وردەکار بێت وە پابەند بێت بە کرداری بەدواداچوونەوە بە پاراستنی ڕۆحی دەقەکە لەڕووی مانا و وێنە ....تاد.

١٩- پێویستە بەڵگە شەرعی‌یەکانی ناو دەستنوسە بنچینەیی‌یەکە دەربهێنرێت و لێکۆڵەر لەپەراوێزدا ئاماژە بەناوی سورەت و ژمارەی ئایەتەکە بکات وە بەهەمان شێوە ئاماژە بەسەرچاوەی فەرمودە بکات.

٢٠- دەرهێنانی وتەی ئەو شارەزایانەی کەدانەری بنچینەیی لەدەستنوسەکەیدا بەبەڵگە هێناویەتیەوە . ئەویش کورتە باسێك دەربارەی ناوو ژیان و نوسراوەکانیان لەپەراوێزدا .

٢١- دەرهێنانی بابەتی وەرگیراوی ئەدەبی لەوانەش :دێرە شیعر یان وتاری نوسەر . ئەویش بەناوهێنانی هۆنراوەکەو ئەو دیوانانەی کە تێیدا تۆمارکراوەو هەروەها ناوی شاعیرو پوختەیەك لەناوو ژیان و سەردەم و بەناوبانگترین هۆنراوەو دیوانەکانی .

٢٢- وەرگێڕانی ژیانی ، ناوو کەسایەتی‌یە ناسراوەکانی ناو دەستنوسە بنچینەیەکە، ئەویش بە ئاماژەکردنی بە ناوو نازناوو پلەی زانستی و کۆمەلآیەتی ئەو چەرخەی تیایدا ژیاون لەگەڵ کارەکانیان .

٢٣- دەرهێنانی ناوی ئەو شوێن و وڵاتانەی کەلەدەستنوسە بنچینەیی‌یەکەدا هاتوون و لێکۆڵەر ئەو وڵات و شوێنانە لە پەراوێزدا پێناسە دەکات و ئاماژە بە مێژوو، سەردەم و پێگەو ناوە کۆن و نوێیەکانی دەکات. بۆیە پێویستە لێکۆڵەر پشت بەپەرتوکی مێژوو ، جوگرافیای کۆن و نوێ ببەستێت .

٢٤- دروستکردنی پوختەیەکی سەرەتایی وەك پێشەکیەك بۆ ئەو دەستنوسەی کە لێکۆڵینەوەی لەبارەوەکراوەو تویژەر ئەمانەی تێدا باس دەکات :

أ- پێناسەی بابەت و گرنگی دەستنوسەکە.

ب- باسکردنی دەستنوسەکە : لەڕووی وێنەو شێوەو لاپەڕەو هەندێك لەپێکهاتەو بابەتەکانی .

ج- باسکردنی ئەو تیراژە ناوەندیانەی کە توێژەر لەبەدواداچوونەکەیدا پشتی پێبەستون لەگەڵ ناوبردنی مێژووی نوسین و شوێن و چەرخەکەیدا لەگەڵ وێنە بۆ هەندێك لەلاپەڕەکانی ئەگەر توانرا ،وە ژمارەی تیراژە وون بوو یان لەناوچووەکان.

د- ئەو کەس و ڕوناکبیرو زانایانەی کە توێژەر پشتی پێبەستون لەبەدواداچوونەکەیداو ئەندازەی بەشداریکردنی هەریەکەیان لەبەدواداچوونەکەدا.

و- ئەو بارودۆخەی کەبەدواداچوونی دەستنوسەکەی پیادا تێپەڕبووە .

٢٥- دروستکردنی پوختەیەکی کۆتایی وەك کۆتایی دەستنوسەکە کە تێیدا توێژەر باسی دەرەنجام و پوختە زانستییەکانی بەدواداچوون دەکات . وێڕای ئەو دۆزو بابەتە گرنگانەی کە دەستنوسەکە دەیورووژێنێت . هەروەها ئەو کەڵکە زانستیانەی چاوەڕوانکراوە ،لەگەڵ تێبینی لێکۆڵەر لەسەر دەرەنجامەکانی کرداری بەدواداچوونەکە .

هــــەنگاوی پێنجـــــەم : دابەشـــــکردن و ڕەنوســـــکردنی دەستنووسەکە:-

لێكۆڵەر دەستنوسەكە دابەش دەكات بۆ: بەش- باس- بابەت-لق-بەند یان برگە(**باب-مبحث- مطلب-فرع-بند**).

بەلآم ڕەنوسكردن دوو جۆرە:

أ- ڕەنوسكردنیئەلف بیَ:یان ڕەنوسكردنی كەسایەتی و فەرموودەكان :
فەرموودەكان وكەسایەتی و ناوە ناسراوەكانی ناو دەستنوسەكە بەپیَی ژمارە ڕەنوس دەكریَن .

ب- ڕەنوسكردنی زمانەوانی:
بەدانانی هیَمای ڕەنوسكردن هەریەكەو لەشویَنی خۆیدا :
وەك خالَ لەكۆتایی ڕستەداو كۆما لەدوای بانگكراوو لەنیَوان ڕستەی مەرج و بەشەكانیداو هەروەها لە نیَوان سویَند و وەلآم دا وەهەروەها هەریەكە لەهیَماكانی دی كە پیَشتر باسكران .

هەنگاوی شەشەم : پێڕستكردنی دەستنوسەكە:

كە ئەمیش دوو جۆرە :

أ- پێڕستكردنی بابەت و شوێنەكان:

لێكۆلّەر پیَرستیَك دادەنیَت ،بۆ بابەت و ناونیشانی بەش وباسەكان . كە ئەویش بە جیاوازی جۆری بابەتەكان دەگۆڕیَت.

ئەگەر دەستنوسەكە هۆنراوە بوو ئەوا لیَكۆلّەر پیَرستیَك بۆ سەروا دادەنیَت، وە ئەگەر كتیَبی فەرمودە بوو پیَرستیَك بۆ فەرمودەكان دادەنیَت، بە ڕیَكخراوی و بە پیَی ئەلف بیَ . وەئەگەر لەكتیَبی میَژوویدا بوو ئەوا پیَرستیَك بۆ گرنگترین



ڕووداو کەسایەتیەکان دادەنێت ،ئەگەر کتێبی جوگرافی بوو ئەوا پێرستێک دادەنێت بۆ گرنگترین شوێن و وڵات و ناوچە کە بەپێی ئەلف بێ ڕێکخرابن ....تاد .

ب- پێڕستکردنی سەرچاوەکان:

ئەو سەرچاوانەی کە لێکۆڵەر پشتی پێبەستوون لە بەدواداچوونی دەستنوسەکەیدا ، بەم شێوەیە:

١-کتێبی تەفسیر .

٢-کتێبی فەرموودە .

٣-ڕونوسی سەرچاوەی کۆن .

٤- سەرچاوەی نوێ .

٥ - کتێبی زمانی بیانی کە باشتروایە بە پێی ئەلف بێ ڕێکبخرێن . سەرەتا ناوی نوسەر پاشان زانیاری تەواو دەربارەی سەرچاوەکە بنوسرێت.



پێڕست